# ئێران لە سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسیدا؛ پێکهاتەی کابینە و ئاستەنگەکان

د. هەردی مهدی میکە*                    م. ئەژی ئازاد ئەبوبەکر**

وشە کلیلییەکان: کۆماری ئیسلامیی ئێران، کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی، بناژووخوازان، حکومەتی یەکدەست، ئاستەنگەکان
https://doi.org/10.31271/jopss.10055

**پوختە**

پاش هەشت ساڵ لە بەڕێکردنی کابینەیەکی نزیک لە میانەڕەو و ڕیفۆرخوازان، حکومەتی ئێران لە دەیەمی پێنجەمی خوێدا گەڕایەوە نێودەستی باڵی بناژۆخوازان و لە پرۆسەیەیکی ئاڵۆزیی پاڵفتەکردنی کاندیدەکان و هەڵبژاردنی 2021-ی سەرۆکایەتی کۆماردا، ئیبراهیم ڕەئیسی بوو بە سەرۆککۆماری نوێی ئێران. ڕەئیسی لەدۆخێکدا دەسەڵات وەردەگرێت کە ئیران چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا لە بەردەم کۆمەڵێك ئاستەنگ و دۆسێی هەڵواسراودا خۆی دەبینێتەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ هەر کامیاندا، کاریگەری لەسەر ئاراستەی ڕووداوەکانی ناوخۆ و بگرە وڵاتانی ناوچەکەش دەبێت. ئەم توێژینەوەیە بەدوای شرۆڤەی ئەم پرسیارەوەیە: پێکهینەرە سەرەکییەکانی کابینەی ڕەئیسی کامانەن و ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کە ڕووبەڕووی ئەم کابینە دەبێتە چین و سیناریۆکانی بەردەم کابینەکە چین؟ میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی-شیکارییە بە سود وەرگرتن لە سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان و شرۆڤەی گوتاری بەرنامەی کاری ئیبراهیم ڕەئیسی و هەواڵ، لێدوان، لێکدانەوە و شرۆڤەی گوتاری ناوەندەکانی بڕیارە لە ئێراندا کە پەیوەست دەبنەوە بە سنووری توێژینەوەکەوە.

**ملخص**

**إيران في عهد إبراهيم رئيسي؛ تكوين الحكومة والعقبات**

بعد ثماني سنوات من إدارة حكومة قريبة من المعتدلين والإصلاحيين، عادت الحكومة الإيرانية إلى

* بەڕێوەبەری ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی زانکۆی سلێمانی و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی hardi.mahdi@uhd.edu.iq hardi.mika@univsul.edu.iq

** _توێژەر لە ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی
azee.abobaker@univsul.edu.iq

أيدي الجناح المحافظين في العقد الخامس من عمر النظام و انتخب إبراهيم رئيسي رئيساً للجمهورية في عملية معقدة شهدت تصفيةً للمرشحين ضمن الانتخابات الرئاسية لعام 2021. تولى رئيسي الحكومة في وضع تمر إيران بوضح حساس محليا و إقليميا ودولياً و وجدت نفسها أمام مجموعة من العقبات و الملفات المعقدة وسيكون للتعامل مع أي منها تأثير على اتجاه الأحداث المحلية و حتى على بلدان المنطقة. يدور هذا البحث حول سؤال رئيسي و هو: ما هي مكونات كابينة رئيسي و العقبات الداخلية و الخارجية التي تواجه هذه الحكومة و ما هي السيناريوهات المطروحة أمامها؟ و منهج البحث المستخدم في هذا البحث منهج الوصفي-التحليلي باستخدام المصادر و تفسير خطاب و نهج عمل رئيسي إضافة إلى الأخبار و التصريحات الصادرة من مراكز القرار في إيران ضمن نطاق البحث .

## Abstract:

**Iran during Ibrahim Raisi's administration: the cabinet structure and the challenges**

After eight years of a moderate cabinet, the Iran government has come under the control of the conservatives in its five decades rule. In a complicated process of filtering the candidates and in the 2021 election, Ibrahim Raisi became the new Iranian president. When Raisi takes charge, Iran is going through a plethora of regional and international challenges and unresolved issues. Handling any of those issues will not just have internal but also regional implications for the whole region too. This research aims to provide answers for the questions: who are the main figures in Raisi's cabinet and what are the local and international challenges awaiting this cabinet along with the possible scenarios? The method used in the research is descriptive analysis; it has used electronic references, Raisi's agenda speech, analyses and briefings. It also analyses the discourse of decision-makers who are related to the research.

## بەرایی

لەدەستوری ئێرانیدا بەپێی ماددەی ١١٣، پۆستی سەرۆککۆمار پاش پۆستی ڕابەر، بە دووەمین دەسەڵاتی دەوڵەت دادەنرێت و بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (بێجگە لەو کاروبارانەی ڕاستەوخۆ بە ڕابەری باڵاوە پەیوەستن) لەدەستدایە. بەپێی ماددەی ١١٤ش، سەرۆککۆمار بۆ ماوەی چوار ساڵ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت و بە دوای یەکدا تەنها یەکجاری دی بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێتەوە (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، اصول ١١٣و ١١٤).

لەبارەی مەرجەکانی پاڵێوراوی بۆ سەرکۆماربوونیش ماددەی ١١٥ بەمشێوەیە ڕوونی کردووەتەوە: پێویستە بە ڕەچەڵەک و ڕەگەزنامە ئێرانی بێت، بەڕێوەبەر و چارەساز، خاوەن پێشینەیەکی چاک، ئەمانەتپارێز و بەتەقوا بێت، ئیماندار و باوەڕدار(مومن و معتقد) بێت بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی و مەزهەبی ڕەسمی ئێران (دوانزەئیمامی شیعە)، پێویستە بەر لە هەڵبژاردن پاڵێوراوێتی خۆی ڕابگەیەنێت (هەمان، اصول ١١٥و ١١٦). سەرککۆماریی زۆرینەی دەنگی ڕەهای بەشداربووانی لەهەڵبژاردندا پێویستە، لە ئەگەری نەهێنانی ئەو ڕێژەیە، پێویستە هەڵبژاردن بچێتە خولی دووەمەوە ،کە لەم دەنگدانەدا تەنها دوو کاندیدی یەکەم و دووەم بەشدار دەبن و سەرکەوتوویان دەبێتە سەرۆککۆمار (هەمان، اصل ١١٧). هەڵبژاردن پێویستە لانیکەم مانگێک بەر لە کۆتایی وادەی تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی سەرکۆماری پێشوو ئەنجام بدرێت (هەمان، اصل ١٢٠).

دیارترین دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمار ئەمانەن: دیاریکردنی ئەنجومەنی وەزیران و لابردنی هەر وەزیرێکی کابینە، بەڵام بۆ دانانی هەر وەزیرێک پێویستە وەزیری پێشنیارکراو متمانەی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، هەروەها دەسەڵاتی دانانی سەرۆکەکانی دامەزراوەکانی بودجە، میراتی کولتووری، پیشەی دەستی و گەشتوگوزاریی، وزەی ئەتۆم، ژینگە و بانکی ناوەندی هەیە. ئیمزای پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی لە ئەستۆیدایە پاش ئەوەی لە پەرلەمان پەسەند دەکرێن. دەتوانێت داوای دانیشتنی نهێنیی پەرلەمان بکات، مافی هەیە بەشداری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکات (بەبێ دەنگدان). سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی دەکات، بەڵام پێویستە بڕیارەکانی ئەم ئەنجومەنە پەسەندنامەی ڕابەری باڵای شۆڕش وەربگرن (هەمان، اصول ١٢٢-١٢٩، ١٣٣-١٣٦و١٣٨).

لەگەڵ ئەوەی کە بەپێی دەستوور، سەرۆککۆمار دەسەڵاتی دیاریکردنی وەزیرەکانی کابینەی هەیە، بەڵام لە کرداردا لانیکەم سێ لە وەزارەتەکان پێویستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕابەر دیاری بکرێن و لە سیانی تریان پێویستە ڕەچاوی تێبینییەکانی ڕیبەر بکرێت. ئەمەش بە ئاشکرا لە بەیاننامەیەکی ناوەندی بڵاوکردنەوە و پاراستنی بەرهەمەکانی ئایەتوڵا خامنەیی (دفتر نشر آثار آیت اللە خامنەایی) لە ساڵی ٢٠١٧ و لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی دووەمی حەسەن ڕۆحانی بینرا. لە ڕوونکردوەیەدا کە بۆ ڕای گشتی بڵاوکرایەوە، ئاماژەی بەوە کراوە کە ڕێبەری ئێران بە پێی "ئەدگاری باوی هەموو دەوڵەتەکان"، لە هەڵبژاردنی وەزیرەکانی "بەرگری، دەرەوە و ئیتڵاعات" کە پەیوەندیان بە سیاسەتی دەرەکی، بەرگری و ئاسایشەوە هەیە، سەرۆککۆمار پێویستە هەماهەنگی پێویست لەگەڵ ڕابەردا بکات. هەر لەو ڕوونکردنەوەکەدا هاتبوو کە ڕابەری ئێران "هەستیاری و تێبینی

تایبەت بە خۆی" هەیە بۆ وەزارەتەکانی "خوێندنی باڵا، پەروەردە و ڕۆشنبیری"، چونکە هەر جۆرە سیاسەتێکی چەوت لەم وەزارەتانە دەبێتە هۆی لادان لەو ئامانجە باڵایانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە سەری بونیاد نراوە (خامنەای، ١٣٩٦).

لەئەگەری مردن، لادان، دەستلەکارکێشانەوە و نەخۆشییەک کە لە دوومانگی زیاتر دەوام نەکات، یاخود لەئەگەری هەڵنەبژاردنی سەرۆککۆماری نوێدا بە هەر هۆیەک بێت، یاریدەدەری یەکەمی سەرۆککۆمار کاروبارەکان لەئەستۆ دەگرێت و ئەنجومەنێک لە سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی و یاریدەدەری یەکەمی سەرۆک پێکدەهێنرێت، تا لەماوەی ٥٠ ڕۆژدا (نەک زیاتر) هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئامادە بکەن و سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێردرێت (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، اصل ١٣١). بۆ لێپێچینەوە و پرساندنیشی، ئەوا بە دەنگی یەک لەسەرچواری ئەندامانی پەرلەمان پێویستە بچێتە پەرلەمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان، بۆ دەستپێلەکارکێشانەوەش بە دەنگدانی سێ لەسەرچواری ئەندامان و بە ڕەزامەندیی ڕابەری باڵا لەکاردەخرێت (هەمان، اصول ١٣٠-١٣٢).

**پرسیارەکانی توێژینەوە:** پێکهێنەرە سەرەکییەکانی کابینەی ڕەئیسی کامانەن و ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کە ڕووبەڕووی ئەم کابینە دەبێتە چین؟ بەپێی پێکهاتەی ئێستای کابینە و ترِوانینیان بۆ پرسە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، ئەو سیناریۆییە ئایندەییانە چین کە چاوەڕێی ئەم کابینەیە دەکات؟

**ئامانجی توێژینەوە:** ناساندنی پێکهاتە سەرەکییەکانی کابینەی رەئیسی و تێڕوانینەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و دەرکییەکان، لەم ڕووەوە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لە پاڵ ناسینی پێکهێنەرەکانی کابینە ڕەئیسی، لە هەمانکاتدا دیاریکردنی ئەو ئاستەنگانەیە کە دەشێت ڕووبەڕووی ئێران لەم قۆناغەدا ببێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی ئەم توێژینەوە وەسفی-شیکارییە بە سود وەرگرتن لە سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان و لێکدانەوەی هەواڵەکانە و هەروەها لێکدانەوە و شرۆڤەی گوتاری ناوەندەکانی هێز لە ئێران.

## ١. بەرنامە و گوتاری ئیبراهیم ڕەئیسی

گوتاری ئیبراهیم ڕەئیسی[(١)] بۆ هەڵبژاردنی 2021، جەختکردنەوی بەردەوام بوو لە "بەگژداچوونەوەی گەندەڵی" و هێنانەکایەی "عەدالەتی کۆمەڵایەتی"؛ ڕەئیسی لە بەیاننامەی هاتنەناو ڕکابەری هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری 2021 بە دروشمی "دەوڵەتی خەڵك بۆ ئێرانێکی بەهێز"

(١) حوجەتولئیسلام "سەید ئیبراهیم ڕەئیسی" لە ڕێککەوتی ١٩٦٠/١٢/١٤ لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە شاری مەشهەد لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی حەوزەی لە مەشهەد تەواو کرد و ساڵی ١٩٧٥ بۆ بەردەوامی خوێندن ڕوو دەکاتە حەوزەی قم لە قوتابخانەی ئایەتوڵا بروجێردی و ئایەتوڵا خومەینی درێژە بەخوێندن دەدات و ئامادەی وانەکانی پیاوانی ئایینی و مەراجیعی تەقلیدی وەك مەرعەشی شوشتەری، هاشمی شاهرودی، تەهرانی و هەروەها عەلی خامنەیی دەبێت. ڕەئیسی لە ساڵی ١٩٧٧ بەشداری لە گردبوونە نارەزایەتییەکانی خوێندکارای ئایینی دژ بە دەسەڵاتی پەهلەوی دەکات و پەیوەندی لەگەڵ زانایانی ئایینی بەندکراو یان دوورخراو ساز دەکات. لە دوای شۆڕش و لە ساڵی ١٩٨٠-ەوە دەچێتە ناو پۆستە بەڕێوەبردنەکانی وڵات؛ جێگری دادوەری (دادیار) شارۆچکەی کەرەج (١٩٨٠)، داواکاری گشتیی کەرەج (١٩٨٢) و داواکاریی گشتیی شاری هەمەدان، داواکاری گشتی پارێزگای هەمەدان (١٩٨٣-١٩٨٥)، جێگری داواکاری گشتیی تاران (ئایەتوڵا خومەینی لە چەند فەرمانێکی تایبەتدا بۆ یەکلاییکردنەوەی چەندین دۆسییەی گرینگ ڕایدەسپێرێت)، پۆستی داواکاری گشتیی تاران (١٩٨٩-١٩٩٤)، سەرۆکی دەزگای پشکنین کە دامەزراوەیەکی سەر بە دەسەڵاتی دادوەرییە (١٩٩٤-٢٠٠٤)، جێگری یەکەمی سەرۆکی دەزگای دادوەری (٢٠٠۴-٢٠١۴) و داواکاری گشتیی ئێران (٢٠١۴-٢٠١۵). ڕەئیسی لە ساڵی ٢٠١۵ بە فەرمانی تایبەتی ڕابەری ئێران، سەرپەرشتی ئاستانی قودسی ڕەزوی (مەزارگەی ئیمام ڕەزا)ی وەك ناوەندێکی ئایینی-ئابووری بەهێزی دەسەڵات گرتە ئەستۆ. ساڵی ٢٠١٢ بە فەرمانێکی تری ئایەتوڵا خامنەیی بووە داوکاری گشتیی تایبەت بە پیاوانی ئایینی (دادگاه وێژه روحانیت)، هەروەها بۆ ماوەی دوو خولی یەکلەدوایەک وەک ئەندامی ئەنجوومەنی شارەزیان هەڵبژێردراوە و هەنووکە ئەندامی ئەو ئەنجوومەنەیە و هاوکات ئەندامی لیژنەی مادەی ١١١-ی دەستوورە لە هەمان ئەنجوومەن، کە کاری یەکلاکردنەوە و چاودێریی ڕابەرە لە ئەگەری مەرگیدا یاخود لەکارخستنیدا، ئەو لیژنەیە ئەرکی دروستکردنی لیژنەیەکی کاربەڕێکەرە بۆ دیاریکردنی ڕابەری نوێ. بەرپرسیارتییەکانی تر: ئەندامی تیمی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئیمام، بەرپرسی لیژنەی "امر بە معروف و نهی از منکر"، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەزای مەجازی (ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) و ئەندامی ئەنجومەنی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی ئابووری. گرنگترین جووڵەی سیاسی ئیبراهیم ڕەئیسی بەشداریکردن بووە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ساڵی ٢٠١٧ کە وەك کاندیدی زۆرینەی بناژۆخوازان لە ململانێی سەرەکیدا لەگەڵ حەسەن ڕۆحانی بە بەدەستهێنانی زیاتر لە ١٥ ملیۆن دەنگ (٣٨,٣٠%)، پلەی دووەمی بەدستهێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ٢٠٢١ بە کۆکردنەوەی زیاتر لە ١٧ ملیۆن دەنگ سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتیشەوە، زاوای ئەحمەد عەلەمولهودای وتاربێژی مەشهەد و نوێنەری ئایەتوڵا خامنەییە لە خۆراسانی ڕەزەوییە، عەلەمولهودا یەکێکە لە بناژۆخوازە ڕادیکاڵەکان و بە وتارە ئاگرینەکانی ناسراوە. بڕوانە: رئیسی (٢٠٢١)، "شرح زندگی"، https://raisi.ir/page/biography؛ مجلس خبرگان رهبری (٢٠٢١)، "صفحه سید ابراهیم رئیسی"، http://www.majlesekhobregan.ir/fa/MajlesMember/View/3166؛ ماهرویان، پوریا (١٤٠٠/٣/١٩)، "زندگی‌نامه ابراهیم رئیسی؛ تلاشی دیگر برای ریاست قوه مجریه"، https://www.bbc.com/persian/iran-features-57407203؛ ڕەئیسی (٢٠٢١)، "شرح زندگی"، https://raisi.ir/page/biography؛ مشرق نیوز (١٤٠٠/٣/١٥)، "مدرک دکترای سیدابراهیم رئیسی+ عکس"، قابل مشاهده در: https://www.mashreghnews.ir/news/1227134/. باشگاه خبرنگاران جوان (١٣٩٦/٢/٢٩)، "نتایج انتخابات ریاست جمهوری ٩٦"، قابل مشاهده در: https://www.yjc.news/fa/news/6092138/.

جەختی لەسەر دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەویە گەندەڵی، گرنگیدان بە هەژاران و چینە خوارەکانی کۆمەڵگە، دیپلۆماسی هۆشمەندانە لەبری چاوەتێبڕین بە چارەسەری دەرەکی، ئازادی بەیان و قەڵەم و مافی هاونیشتمانیان و عەدالەت لە کۆمەڵگە، شەفافییەت لە کارکردن، دابینکردنی هەلی کار کردەوە. ڕەئیسی ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ڕۆحانی لە بوارەکانی ئابووری، سیاسەتی دەرەوە و خزمەتگوزاری گرت و هۆکاری نالەباریی دۆخی هەنووکەیی بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە ناوەندە جیاوازەکانی حکومەتی گەڕاندەوە کە پێویستی بە دژایەتیکردن و لەناوبردنێتی(اقتصادنیوز، 1400). ڕەئیسی هەنگاو و بەرنامەکانی بۆ چارەسەری کێشەکان لە سێ تەوەردا کۆکردەوە؛ تەوەری یەکەم: چاکسازی لە دەوڵەت، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ناکارامەیی و جیاکاریی. تەوەری دووەم: پشتگیریکردنی خێزان و توێژە هەژار و مافخووراوەکان. تەوەری سێیەم: پشتیوانی لە کار و بەرهەمهێنان و هەروەها پێدانی کۆمەڵێك بەڵێنی وەك دابینکردنی ٤ ملیۆن هەلی کاری لە ماوەی چوار ساڵ دا (شبکه خبر، ١٤٠٠).

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە، ڕەئیسی لە وتاری ڕۆژی سوێندخواردنی وەك سەرۆككۆماری نوێی ئێران و بەرامبەر بە میوانە دەرەکییەکان، بۆ یەکەم جار ڕاشکاوانە تێڕوانینی خۆی خستە ڕوو؛ سەبارەت بە قەیرانە هەرێمییەکان، ڕەئیسی هاوشێوەی گوتاری زاڵی بناژۆخوازان ڕایگەیاند کە کێشەکان پێویستە لە ڕێگەی گفتوگۆکانی "نێو هەرێمی" چارەسەر بکرێت و بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیە "دەستی برایەتی" بۆ لای هەموو وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەتی "دراوسێکان" درێژ بکات. ڕەئیسی بە جەختکردنەوەی بەردەوام بە گرنگیی وڵاتانی هەرێمی و دراوسێکانی ئێران، ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەکیی خۆی بۆ "پەرەپێدان بە پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ" گەڕاندەوە کە پێویستە برەو بە لایەنە هاوبەشەکانی نێوانیان وەك ئابووری، کولتوور، زانست و وەرزش بدرێت (جهت پرس، ١٤٠٠).

سەبارەت بە گرنگترین پرسی دەرەکیی ئێران کە چارەنووسی ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکییە (کە لە ئێران بە "بەرجام" ناسراوە)[٢]، ڕەئیسی لە دیبەیتێکدا ڕایگەیاند کە ئەو بە شێوەیەکی "ڕاشکاوانە" لە چوارچێوەی ئەو نۆ خاڵەی[٣] کە ڕابەری ئێران وەك مەرج دیاریی کردووە، لە بەرجام دەڕوانێت و وەك گرێبەستێك پێوەی "پابەندە"، بەڵام ئەوەشی وت کە کابینەی ڕۆحانی ناتوانێت ئەم گرێبەستە جێبەجێی بکات، چونکە جێبەجێکردنی پێویستی بە "دەوڵەتێکی بەهێز" هەیە و "بەهێزیی دەرەکی درێژەکراوەی بەهێزیی ناوخۆییە". ڕەئیسی سەبارەت بە گەمارۆکانی سەر ئێران، ئاماژەی بەوە دا کە

[٢] بەرجام (برجام): کورتکراوەی "برنامه جامع اقدام مشترک"، لەلایەن میدیا و ڕۆژنامەکانی ئێران لەبریی ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی بەکار دێت. ڕێککەوتننامەی ئێران و وڵاتانی ٥+١ (کە ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠١٨ لێی کشایەوە) سەبارەت بە پرسی وزەی ناوەکیی ئێران، لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١٤ لە شاری ڤیەننا واژوو کرا.

[٣] بریتییە لەو نۆ خاڵەی کە ئایەتوڵا خامنەیی لە نامەیەکی تایبەت بۆ حەسەن ڕۆحانی پاش چەند ڕۆژ لە واژووکردنی ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی لەنێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١، تێبینی و سەرنجەکانی خۆی خستە ڕوو. بڕوانە: خامنەای (١٣٩٤/٧/٢٩)، "نامه رهبر انقلاب به رئیس‌جمهور درباره الزامات اجرای برجام"، https://farsi.khamenei.ir/message-content?id=31168.

سیاسەتی فشار و سزا نابێتە هۆی پاشگەزبوونی گەلی ئێران لە بەدواداچوونی مافە یاساییەکانی خۆیان و پێویستە سزاکانی سەر ئێران هەڵبوەشێتەوە و "هەر پرۆژەیەکی دیپلۆماتیك کە ئەم ئامانجە بهێنێتە دی، لەلایەن ئێمەوە پشتگیری دەکرێت" (الف، ١٤٠٠).

## ٢. هەڵبژاردنێکی ئاراستەکراو و جێنیشینی گریمانەکراو

ڕەئیسی لە دواهەڵبژاردنی سەرۆکایەتییدا، وەک کاندیدی متمانەپێکراوی بناژۆخوازانی نێو شۆڕش پەسەند و لەڕێگەی ئەنجومەنی پاسەوانی دەستوورەوە بەهۆی ڕەتکردنەوەی ڕکابەرە سەرەکییەکانی لە پرۆسەی پالاوتندا، جادەکەی بۆ تەخت کرا و لە کۆی ٥٩٢ کاندید تەنها حەوتییان مانەوە کە هیچییان لەو ئاستەدا نەبوون کێبەرکێ بکەن و هەر زووش سیانیان کشانەوە و خۆیان دایەپاڵ ڕەئیسی، ئەوانی دیکەش نوێنەری فەرمی هیچ باڵێکی وەک ڕیفۆرمخوازان یان بناژۆخوازان نەبوون و نەیارانی کۆماری ئیسلامیش لەبنەڕەتەوە بەشداری پرۆسەکەیان نەکرد (رادیو فردا، 2021). شرۆڤەیەکی ئەم هەنگاوەی ناوەندەکانیی بڕیاردەری دەسەڵات ئەوە بوو کە دەوڵەتی قووڵی نێو ئێران دەیەوێت ڕەئیسی سەرۆکی ئایندە بێت و ئاماژەکانیش بۆ ئەوە دەچن کە ئەمە سەرەتایەکە بۆ ڕێگاخۆشکردن بۆ ڕەئیسی تا ببێتە جێگرەوەی خامنەیی و ڕابەرایەتیکردنی ئێران، هەروەها ئاماژەکان بەو ئاراستەیەدان کە ڕئیسی سالانێکە ئامادەسازی بۆ دەکرێت بۆ جێگرتنەوەی ڕابەری ئێستا. نیشانەکان و هاوکارییەکانی دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت و بناژۆخوازەکانیش نیشانەی تەواو و گڵۆپی سەوزی ئەم پرۆسەیەن (اعتمادی، ٢٠٢١). دواهەڵبژاردنیش زۆر هاوشێوەی ئەو ئامادەکارییە بوون کە کاتی خۆی لەڕێی سەرکۆمارییەوە، جادە تەختکرا بۆ ڕابەری ئێستا و پاش مەرگی خومەینیش، هەمان سەرککۆمار کە لەساڵی ١٩٨١-ەوە کاری بۆدەکرا و ڕێگەی بۆ تەخت کرا، تا کرایە ڕابەر و نزیکەی ٣٢ ساڵە ڕابەری باڵای وڵاتە (آذر، ٢٠٢١). چوار ساڵی ئایندە، دوور نییە یەکێک لەپایەکانی جێگرەوەی ڕابەر، سەرکۆماری ئێران بێت، لەم حاڵەتەدا ناکرێت کەسێک بێت لەنێو مەحرەم و باوەڕدارەکان بە بنەماکانی توندئاژۆکانی نێوشۆڕش نەبێت و وەلای بۆ خامنەیی ڕەها نەبێت.

لەو سێ دەزگایەی ئەرکی بەڕێکردنی کارەکانی ڕابەر لە نەبوونیدا ڕادەپەڕێنن، تەنیا سەرۆککۆمار مابوو کە بە ویستی تەواوەتی بەیتی ڕێبەر[٤] نەبێت، بەوپێیەی کە چونکە ڕۆحانی زۆرتر بەرهەمی هاوپەیمانێتیی ناچاریی بەرژەوەندیگەراکان، بناژووخوازە میانڕەوەکان و ڕیفۆرمخوازان بوو. دووساڵی ڕابردوو بەهۆی فیلتەرکردنی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، بناژۆخوازە ڕاستڕەوەکان (یان وەك ئەوەی بە خۆیان دەڵێن شۆڕشگێر) ئەویان لەدەستی ڕیفۆرمخواز

[٤] سەبارەت بە بەیت یان نووسینگەی ڕێبەری ئێران وەك دامەزراوەیەکی گرنگ و ئایدۆلۆژی ڕژێم، بڕوانە: خلجی، مهدی (٢٠٠٩/٦/٥)، " نگاهی دیگر: بیت رهبری، کانون پیچیدگی‌های سیاست ایران"،
https://www.bbc.com/persian/iran/2009/06/090605_ra_mkh_khamenei ؛
حقیقت نژاد، رضا (١٣٩٨/٦/١٩)، " ١٥مرد کلیدی دولت پنهان خامنه‌ای"،
https://www.radiofarda.com/a/most-influential-figures-in-khamenei-office/29989853.html.

و میانڕەوەکان دەرهێنا، ئەنجوومەنی شارەزایانیش بۆ بناژۆخوازە ڕاستڕەوەکان یەکلاکردووەتەوە. بەم پێیە، لە کۆی شەش کۆڵەکە بنەڕەتییەکەی دەسەڵات لە ئێراندا: سەرۆکایەتی کۆمار، پەرلەمان، دەزگای دادوەریی، ئەنجوومەنی شارەزایان، ئەنجومەنی پاسەوانی دەستوور وسوپا، بە یەک هارمۆنی و یەک ڕەوت لە حکومەتدا کۆکرانەوە و چیتر لە دیاریکردنی ڕابەری ئایندەش دژواری نایەتەپێش، کە یار و نەیاری نێوخۆیی و دەرەکی گرەویان لەسەر ئاڵۆزیی یەکلاکردنەوەی ئەو پۆستە بوو.

هەڵبژاردنەوەی خولی سیانزەیەمینی سەرۆککۆمار، کەمترین ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵکی لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار بە ڕێژەی 48.8% تۆمار کرد و ئیبراهیم ڕەئیسی ئەگەرچی ٦٢%-ی دەنگدەرانی بەدەستهێنا، بەڵام کەمترین ڕێژەی (٢٩,٧%) لە کۆی ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو بە بەراورد بە سەرۆککۆمارەکانی ڕابردوو بەدەست هێنا. ئەمە جیا لەوەی ئەم هەڵبژاردنە لە ڕووی دەنگی پوچەوە (بە بەتاڵ هێشتنەوەی کارتی دەنگدان- دەنگی سپی) ژمارەی پێوانەیی تۆمار کرد و بەپێی ئاماری وەزارەتی ناوخۆی ئێران ١٢,٩%-ی دەنگدەران واتا نزیکەی ١٤ ملیۆن کەس، کارتی دەنگدانیان بەبەتاڵی خستووەتە ناو سندوقەکانەوە کە ئەم ڕێژەیە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی ئێران بێ نموونەیە.[٥] دیارە ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەو قسەباوەی یەکەمین ڕابەری شۆڕشە (ئایەتوڵا خومەینی) بوو کە وتی "پێوەر دەنگی خەڵکە" و ئەم وتەیەشی تا هەنووکەش بووەتە تابلۆی شۆڕش و دروشمی لیژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانە(خمینی، 8/1399: 172-173 ).

بیرکردنەوە لە ڕووداوە خێراکان و دۆخی نێوچەکە و ئایندەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە وایکرد نوخبەی مەزهەبی شۆڕش (وەک پارێزەری باوەڕی شۆڕش) و سوپا (وەک پارێزەر و توندەهێزی بەرگری لە شۆڕش)ی خستە بەردەم دوو سیناریۆ:

١. ئامادەکاریی بۆ قۆناغی پاش خامنەیی و دیاریکردنی ڕابەری نوێ، چونکە تەمەن(٧٩ساڵ) و نەخۆشی و نەبوونی بەدیلێکی کاریزماتیک کە جێگەی خامنەیی بگرێتەوە، بووەتە جۆرێک لە هەڕەشە لەسەر میراتگرانی شۆڕش.

٢. ئاشتکردنەوەی خەڵک و چاوپۆشی لەوەی سەرکۆمار بەدڵی ئامانجگەراکان و سوپاییەکان نەبێت. لانیکەم کەسێکی نێوشۆڕش بێت لە میانەڕەو و ڕیفۆرمیستەکان.

دواجار ژووری بڕیاری سیاسیی و خودی ڕابەرایەتی ئێران، سیناریۆی یەکەمی هەڵبژاردووە و بەلایەوە گرنگە کە ئێستا ئایندەی شۆڕش و خۆییکردنەوەی پۆستی سەرکۆمار و زامنکردنی ڕابەری ئایندە بکەنە ئامانج نەک دۆخی قەیرانی سیاسیی، ئابووریی و لێکترازانی نێوخۆیی کۆمەڵگەی ئێران. بەڵام بۆچی کەسێتیی سەرکۆمار لە پرۆسەی جێگرەوەی خامنەیی و ئایندەی پارێزگاریی بنەماکانی شۆڕشدا گرنگە؟ وڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئەو ڕێکارە یاساییە دەگەڕێتەوە کە بۆ حاڵەتی نەمانی ڕیبەری

---

[٥] بۆ وردەکاری زیاتر سەبارەت بەهەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ٢٠٢١، بڕوانە: ایرنا (١٤٠٠/٣/٢٩)، "نتایج نهایی شمارش آرای سیزدهمین دوره انتخابات ریاست جمهوری"، https://www.irna.ir/photo/84375074/؛ فارس (١٤٠٠/٣/٢٩)، "آمار نهایی انتخابات اعلام شد/ رئیسی با ١٧ میلیون و ٩٢٦ هزار رأی رئیس جمهور شد"، https://www.farsnews.ir/news/14000329000816/.

باڵای وڵات دەستوور دیاری کراوە؛ لە حاڵەتی مردن یاخود دەستلەکارکێشانەوە یان لادانی ڕابەردا، تا ئەوکاتەی ڕابەر دیاریی دەکرێت شورایەک (دەستەیەکی سێ کەسی) هەموو دەسەڵاتەکانی ڕابەر مومارەسە دەکات، کە لە هەریەک لە سەرکۆمار، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی و یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزایان کە لەلایەن کۆڕبەندی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمەوە دیاریی دەکرێت، پێکدێت و دەسەڵاتەکانی ڕابەر بەپێی دەستوور مومارەسە دەکات. هەرکاتێکیش ڕابەر بەهۆی نەخۆشی یان ڕووداوێکەوە، نەیتوانی کارەکانی ئەنجام بدات، دیسانەوە بە شێوەی کاتی لەو ماوەیەدا ئەو شورایەی ئاماژەی پێدرا، ئەرکەکانی وەئەستۆ دەگرێت ( قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، اصل 111).

لەبەر ئەو فاکتانەی باس کران، ئەوەبوو سەرچاوەی ئەو بارگۆڕانە لە دیدگای نوخبەی دەسەڵاتی ئێراندا، لە زۆری بەشدارییکرنی خەڵکەوە بۆ فەرامۆشکردنی خەڵک و ڕووکردنە بیرکردنەوە لە ڕابەری ئاینــدەی شــۆڕش، بە واتــایەکی دیــکە لای نــوخبەی دەســەڵاتداری ئەو وڵاتە، ئەوەی پــاڵنەرە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران بەرلەوەی بۆ خزمەت و پابەندبوون بە دەنگی خەڵک و گوزەرانیانەوە بێت، بیرکردنەوەیە لەوەی کێ دەبێتە سەرکۆمار، تا ببێتە ئەندامێکی لیژنەی سـێکووچکەیی قۆنـاغی پاش مەرگی ڕابەری هەنووکەیی.

## ٣. پێکهێنەرەکانی کابینەی ڕەئیسی

پێکهێنەرەکـانی کـابینەی ڕۆحـانی ئەگەرچـی بەسـەر چەنـدین ئاراسـتە و نـاوەدی دەسـەڵات و دامەزراوەی جیاواز دابەش دەکرێن، بەڵام دواجار تێکڕایان دەچـنە ژێر چەتـری ڕەوتـی بنـاژۆخواز و وەزیرەکان لە پێڕی بناژۆخوازانی دروشمگەرا و ئەوەی کە بە خۆیـان دەڵـێن شۆڕشـگێڕ دەستنیشـان کـراون، کە ئەمەش بـۆ خـۆی پەراوێـز خسـتنی سـتوونی بـاڵ و ئاراسـتەکانی دیـکە و پـێچەوانەی دروشـمەکانی خـۆیەتی. هاوشـێوەی کابینەکـانی پێشـتر نـوێنەری لە ئاسـتی وەزیرەکانـدا، پێکهـاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، بـۆ یەکەمیـان کەمتەرخەمـی و بێمتمانەیـی ڕەئیسـی دەردەخـات و بـۆ دووەمیان بەپێی دەستووری ئێران، ڕێگە نادرێت هیچ وەزیرێکی سوننی یان هەر مەزهەبێکی دیـکە جـگە لە دوانزەئیمامـی شـیعە بێـتە سـەرکار، تـا هەنـووکە وابـووە و لەمەودواش سـەختە ئەو ڕەوتە بەردەوام نەبێت. هەروەها وەک کابینەکەی ڕۆحانی، ڕەئیسیش هیچ ژنێکی کاندید نەکرد.
دەکرێت بەگشتی وەزیرانی کابینەکە بەسەر پێنج دەستەشدا دابەش بکرێن:

### ٣-١- ئەحمەدی نەژادییەکان

بە چاوخشاندێك بۆ پێشینەی وەزیرەکانی کابینەی ڕەئیسی، دەردەکەوێت بەشـێکی بەرچاویـان ئەزموونی کارکردنیان لەگەڵ کابینەی ئەحمەدی نەژاد هەبووە. ئەم ڕێژەیە تـا ئەو ڕادەیەیە کە نـاوی "کابینەی سێیەمی ئەحمەدی نەژاد"یان لە دەوڵەتـی ڕەئیسـی نـاوە. لە هەردوو کـابینەی ئەحـمەدی نەژاد، بەشـێکی بەرچـاو لە وەزیرەکـان و بەرپرسـانی تـری کـابینە لە سـوپای پاسـداران و کەرتە

ئەمنییەکان هەڵبژێردرا[٦]. ئەمەش وەک ڕەخنە ئاراستەی ڕەئیسی دەکرێت کە گەرچی ئەحمەدی نەژاد خۆی لە دەسەڵات و کاریگەریی لەسەر جومگەکانی حوکم دوورخراوەتەوە، بەڵام میرات و دیدگاکانی دیارە هەر دڵپەسەندی ڕەئیسین و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە سەردەمی جیاکاریی و سنووردارکردنی ئازادییەکان و دژە ئەورووپایی و ئەمریکایی هەر لەلوتکەدا دەمێنێتەوە کە بەشێکی گرفتەکانی سیاسەت و دۆخی ئابووریی ئێران بەهۆی ئەم دیدگا داخراوانەوەیە.

لە کابینەی ڕەئیسی دا، سەید ڕەزا فاتمی ئەمین (وەزیری پیشەسازی)، عیسا زارع پور (وەزیری پەیوەندییەکان و تەکنەلۆجیای زانیاری)، حوسێن ئەمیر عەبدوڵاهیان (وەزیری دەرەوە)، ڕۆستەم قاسمی (وەزیری ڕێگاوبان و شارسازی) کە لە دوو ساڵی کۆتایی کابینەی دووەمی ئەحمەدی نەژاد بووە وەزیری نەوت، محەمەد مەهدی ئیسماعیلی (وەزیری کولتوور و ڕێنمووییی ئیسلامی یان ڕۆشنبیری)، ئەحمەد وەحیدی (وەزیری ناوخۆ)، جەواد ئوجی (وەزیری نەوت)، عەلی ئەکبەر مێحرابی (وەزیری وزە)، سەید حەمید سەجادی هەژاوە (وەزیری وەرزش و لاوان) و مەسعوود میرکازمی (سەرۆکی سازمانی بەرنامە و بودجە) (اقتصادنیوز، ١٤٠٠).

### ٣- ٢. هاوڕێیانی کاری ڕەئیسی

ئەو کەسانەی کە پێشتر بەجۆرێک لە جۆرەکان لە تیمی کاری خودی ئیبراهیم ڕەئیسی و ئەزموونی کارکردنیان لەگەڵیدا هەبووە و لە دەزگای دادوەری و ئاستانی قودسی ڕەزەوی هەڵبژێردراون. عیسا زارع پور (وەزیری گواستنەوە و پەیوەندییەکان/ ارتباطات)، سەید ئیسماعیل خەتیب (وەزیری ئیتڵاعات)، حوجەت عەبدولمەلەکی (وەزیری هاوکاری، کار و ڕەفاهییەتی کۆمەڵایەتی)، ئەمیر حوسێن ڕەحیمی (وەزیری داد) و محەمەد مەهدی ئیسماعیلی (وەزیری رۆشنبیری)، پێشینەی کارکردنیان لە وەزارەتی دادوەری هەبووە. هەروەها چەند وەزیرێکی تر پێشنیەی کارکردنیان لە دامەزراوەی ئاستانی قودسی ڕەزەوی هەیە: سەید ئیسماعیل خەتیب، محەمەد مەهدی ئیسماعیلی و سەید ڕەزا فاتمی ئەمین (وەزیری پیشەسازی) ئەزموونی کارکردنیان لەم دامەزراوە گرنگە هەبووە(دنیای اقتصاد، ١٤٠٠).

لەنێو ئەم کەسانەدا وەزیری ئیتڵاعات، بە کەسایەتییەکی نزیك لە ڕەئیسی دادەنرێت و هاوشێوەی وەزیرەکانی پێشووی ئیتڵاعات پیاوێکی ئایینییە، لە ساڵی ١٩٨١ەوە لە بەشی ئیتڵاعاتی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای پاسداران کاری کردووە و ئەزموونی کارکردنی لە نووسینگەی ئایەتوڵا خامنەیی، سەرۆکایەتیی ناوەندی پاراستن و ئیتڵاعاتی دەزگای دادوەری و هەروەها سەرۆکایەتیی پاراستنی ئاستانی قودسی ڕەزەوی (مەزارگەی ئیمام ڕەزا لە شاری مەشهەد) لە کارنامەدا هەیە (قدس آنلاین، ١٤٠٠).

---

[٦] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: رادیو فردا (١٣٨٤/٥/٢٧)، "فهرست سوابق نظامی - امنیتی وزرای پیشنهادی کابینه احمدی نژاد براساس گزارش رسانه های جمهوری اسلامی"، https://www.radiofarda.com/a/307391.html.

**٣- ٣. ئیمام سادقییەکان**

زانکۆی ئیمام سادق[٧]بە یەکێك لە ناوەندە ئەکادیمی و ئایدۆلۆژییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنرێت کە کار بۆ پەروەردەکردنی بەڕێوبەرانی بڕوادار بە بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەکات و لە دوو دەیەی کۆتاییدا بە هۆی گۆڕانی تێڕوانین و ستراتیژی دامەزرێنەرانی، دەرچووانی ئەم زانکۆ و مامۆستایانی بەزۆری دەچنە بەرەی بناژۆخوازە شۆرشگێرەکان کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ڕابەری ئێران و سوپای پاسداران هەیە. گەڕانەوەی بناژۆخوازەکان بۆ دەسەڵات لە ڕێگەی ئیبراهیم ڕەئیسییەوە، جارێکی دەرفەتێکی گونجاوی بۆ گەڕانەوەی ئیمام سادقییەکان بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕەخساند و ئەمجارەیان زیاتر لە هەر کابینەیەکی تر، ئیمام سادقییەکان خۆیان خزاندە ناو دامودەزگاکانی حکومەت. ئەوەی کە تاوەکو ئیستا لە گۆڕانکاری و دامەزراندنەکان دیارە، دەرچووانی زانکۆی ئیمام چادق چەندین پۆست و پێگەی گرنگیان وەرگرتووە؛ حوجەت عەبدولمەلەکی (وەزیری کار)، ئیحسان خاندوزی (وەزیری ئابووری)، سەید محەمەد حوسێنی (یاریدەدەری سەرۆککۆمار بۆ کاروباری پەرلەمان)، داوود مەنزور (سەرۆکی بەڕێوبەرایەتی کاورباری باج)، مەیسەم لەتیفی (ڕاوێژکاری سەرۆککۆمار و سەرۆکی بەریوبەرایەتی ئیداری و کاروباری دامەزراندن)، مەجید عەشقی (سەرۆکی بەڕێوبەرایەتی بورس)، عەلی ساڵح ئابادی (سەرۆکی گشتی بانکی ناوەندی ئێران)، عەلی باقر کەنی (یاریدەدەریی سیاسی وەزراەتی دەرەوە)، غولامحوسێن ئیسماعیلی (سەرۆکی نوسینگەی سەرۆککۆمار)، وەحید یامین پور (یاریدەدەری وەزیری وەرزش و لاوان) (الف، ١٤٠٠). لەم نێوەندەدا جیا لەوەی کە بۆ یەکەمجار ئیمام سادقییەکان گەیشتنە دوو وەزارتی کابینەیەکی دەوڵەت، پۆستی یاریدەدەری سیاسیی وەزارەتی دەرەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بەتایبەتی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پرسە هەڵواسراوەکانی وەك دۆسێی وزەی ناوکییەوە هەیە.

**٣- ٤. بەیتی ڕابەر**

ئەگەرچی بەیتی ڕێبەر وەك چەترێکی گشتگیر وایە بۆ بەشێکی زۆر لە دامەزراوە سیاسی، ئابووری و ئایینیەکانی ئێران، بەڵام لە هەمانکاتدا پێدەچێت بەشێك لە پۆستەکانی کابینە وەك پۆستی یاریدەدەری یەکەمی سەرۆککۆمار ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بڕاردەکانی بەیتەوە هەبێت، پۆستێك کە لەلایەن سەرۆککۆمار و بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت و تەنیا لەبەرامبەر ئەودا بەرپرسیارە. یاریدەدەری یەکەم لە کابینەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو پۆستانەیە کە

[٧] سەبارەت بە زانکۆی ئیمام سادق و پێگەی لە سیاسەتی ئێران بڕوانە: مهدوی کنی (١٣٨٥)، خاطرات آیت الله مهدوی کنی، تدوین: غلامرضا خواجەسروی، تهران: مرکز اسناد انقلاب اسلامی؛ ارکان زاده یزدی، سعید (١٣٩٢/٤/٢٣)، "دانشگاه امام صادق (ع) تربیت‌کننده مدیران «میاني»"، روزنامه شرق، شماره ١٧٨١؛

Hashemi, Mohammad (7\10\2021), “Tehran’s Harvard Incubated Iran’s New Government”, https://foreignpolicy.com/2021/10/07/raisi-tehrans-harvard-imam-sadiq-incubated-irans-government./

سنووری دەسەڵات و توانای بڕیاردانان و سیاسەتڕێژییەکەی، زیاتر لە هەموو شتێك پەیوەندیی بە کەسایەتی و پێگەی سیاسیی ئەو کەسەوە هەیە کە پۆستەکە وەردەگرێت و هەروەها ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆککۆمار و ئەو دەسەڵاتانەی کە سەرۆککۆمار پێی دەبەخشێت. بۆیە پۆستێکە کە دەشێت دوو پێگەی تایبەتی هەبێت؛ یان بەتەواوی لەژێر ڕکێفی سەرۆککۆمارە و تەنیا ڕۆڵی جێبەجێکاری بڕیار و فەرمانەکان دەبینێت، یان بە هۆی کۆمەڵێك دەسەڵاتەوە، لە دانان و پێشنیارکردنی سیاسەتە گشتییەکانی کابینە و بەتایبەتی لایەنی ئابووری، ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت.

محەمەد مۆخبێر[٨]،یاریدەدەری یەکەمی سەرۆککۆمار لە ساڵی 2007-ەوە سەرۆکایەتیی کۆمیتەی جێبەجێکاری فەرمانی ئیمام (ستاد اجرایی فرمان امام)، بۆ ساڵی 2007 دەگەڕێتەوە کە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕابەری ئێران پێی سپێردرا . کۆمیتەی فەرمانی ئیمام، دامەزراوەیەکی گەورەی ئابوورییە کە لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی ڕابەری ئێرانە و بە یەکێك لە دەسەڵاتە بەهێزە ئابووری-سیاسییەکانی ئایەتوڵا خامنەیی دادەنرێت.

دیاریکردنی مۆخبێر وەك یاریدەدەری یەکەم کە پێشینەی سەرۆکایەتیی یەکێك لە گەورەترین دامەزراوە ئابوورییەکانی ئێرانی هەیە و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕابەری ئێران دیاری کراوە، بە مانای ئەوە دێت کە هاوشێوەی کابینەی یەکەمی ڕۆحانی، یاریدەدەری یەکەم دەبێتە پۆستێکی کاریگەر لە داڕشتنی سیاسەتی ئابووریی ئێران، هاوشێوەی ئیسحاق جەهانگیری کە سەرباری ئەوەی لە پشکی ڕیفۆرمخوازانی کابینەی ڕۆحانی دادەنرا، بەڵام پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئایەتوڵا خامنەیی هەبوو. بۆیە پێشبینی دەکرێت کە سنووری دەسەڵات و توانای بڕیاردانی مۆخبێر زیاتر لە هەر یاریدەدەرێکی تری کابینەکانی پێشووی ئێران بێت.

### ٣- ٥. سوپای پاسداران

کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و هاتنەسەر دەسەڵاتی ئایەتوڵا هاشمی ڕەفسەنجانی (١٩٨٩-١٩٩٧)، سەرەتای بەشداریی سوپای پاسداران لە کەرتی ئابووریدا بوو و بە دامەزراندی قەرارگای خاتەمولئەنبیا (قرارگاه سازندگی خاتم الانبیا) بە فەرمی چالاکییەکانی خۆی لە پرۆژە ئاوەدانکردنەوە و غەیرەسەربازییەکان دەستپێکرد. قەرارگای خاتم هۆکاری دامەزراندنی خۆی

[٨] محەمەد مۆخبێر ساڵی ١٩٦٤ لە شاری دێزفولی سەر بە پارێزگای خوزستان لەدایك بووە و خاوەنی بڕوانامەی یاسای نێودەوڵەتییە. ئەزموونی کارکردنی لەگەڵ سوپای پاسدارانی هەبووە و لە ماوەی جەنگی ئێران و عێراق بەرپرسی کەرتی تەندروستیی سوپای پاسدارانی شاری دێزفول بووە. بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوە و گەیاندنی (مخابرات) خوزستان، یاریدەدەری پارێزگاری خوزستان و یاریدەدەری "بنیاد مستضعفان" لە کارنامەیدا دەبینرێت. هەروەها لە هاوینی (٢٠٢٠)ەوە، مۆخبێر وەك ئەندامی ئەنجوومەنی ستراتیژیی مەوقوفاتی ئاستانی قودسی ڕەزەوی، ڕاوێژکاری زانستی و کولتووریی سەرپەرشتیاری ئاستان و ئەندامی ئەنجوومەنی زانستی و کولتووریی ئاستان و هەروەها سەرۆکی ئەنجوومەنی ئومەنای بونیادی بەهرەوەی موقوفات، دیاری کرا. تسنیم نیوز (١٤٠٠/٥/١٧)، "محمد مخبر معاول اول رئیس‌جمهور شد"، قابل مشاهده در: https://www.tasnimnews.com/fa/news/1400/05/17/2551071/؛ قدس آنلاین (١٤٠٠/٤/١٣)، "انتصابات و احکام جدید در آستان قدس رضوی"، قابل مشاهده در: http://www.qudsonline.ir/news/710425/.

بۆ ماددەی ١٤٧-ی دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگەڕێنێتەوە، بەپێی ئەم مادەیە، حکومەت پێویستە لە "کاتی ئاشتی"دا سود لە ئەندامانی سوپا (ارتش) و کەرەستەکانیان وەربگرێت بۆ کاروباری فریاکەوتن و بەرهەمهێنان و بونیادنانەوە(نجمی، ١٣٩٥: ١). ئیتر لەم قۆناغەوە نفوزی سوپای پاسداران سەرەتا لە کەرتی ئابوورییەوە دەستی پێکرد و بەهاتنەسەر دەسەڵاتی ئەحمەدی نەژاد (٢٠٠٥-٢٠١٣)، بەرەی بەناژۆخواز دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانیان لە یەك کاتدا گرتەدەست و لەم قۆناغەدا بوو کە سوپا جیا لە بورای ئابووری، بەشێوەیەکی ئاشکراتر و هەڵبەت فەرمیتر پێی نایە ناو دەوڵەت و بەشێك لە وەزارەتەکانی هەردوو کابینەی ئەحمەدی نەژاد لەو کەسانە پێکدەهات کە یان ئەندامی سوپا بوون یان پێشینەی کارکردنیان لە سوپادا هەبوو (یکتا، ١٣٩١).

پۆستی وەزارەتی ناوخۆ لە کابینەی ڕەئیسی بە ئەحمەد وەحیدی[٩]، سەرۆکی پێشووی سوپای قودس دراوە کە کەسایەتی ناسراوی ناوخۆیی و دەرەکی ئێرانە و هەروەها داوکراوێکی پۆلیسی ئینتەرپۆلە.[١٠] وەزارەتی ناوخۆ بە یەکێك لە هەستیارترین وەزارەتەکانی کابینە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دادەنرێت؛ دابینکردن و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی وڵات وەك ئەرکێکی سەرەکیی وەزیری ناوخۆ دیاری کراوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان دەزگاکانی هەواڵگری، سەربازی و پۆلیس هەیە. سەروبەرکردنی هێزەکانی سەر بە پۆلیس، چاودێریکردنی ئیدارەی ناوچەکان لە ڕێگەی پارێزگار، قایمقام و شارەوانییەکان، هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی شار و لادێ و پارێزگاکان، بەڕێوەبردنی سیستمی دابەشکاریی کارگێری (تقسیمات کشوری)، چاودێری و سیاسەترێژی بۆ کەرتی کۆچبەران و دانیشتووانی بیانی، بەڕێوەبردنی وڵات لە کاتی قەیرانە سروشتییەکان، بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و...، بەشێکی دەسەڵات و

---

[٩] ئەحمەد وەحیدی، ساڵی ١٩٥٨ لە شیراز لەدایك بووە و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری بەڕێوەبردنی ستراتیژی و بە یەکەمین فەرماندەی هێزەکانی قودس دادەنرێت لەنێوان ساڵانی (1990-1997). لە کابینەی یەکەمی ئەحمەدی نەژاد، جێگری وەزیری بەرگری و لە کابینەی دووەمدا وەزیری بەرگری بووە. وەحیدی لە ئێستادا ئەندامی ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمە و سەرۆکی زانکۆی باڵای بەرگریی نیشتمانییە (دانشگاه عالی دفاع ملی). ایسنا (٢٠٢١/٥/٢٠)، "سوابق و تحصیلات وزیر پیشنهادی کشور"،
https://www.isna.ir/news/1400052014706/.

[١٠] ئەحمەد وەحیدی تۆمەتبارە بە بەشداری لە نانەوەی بۆمب و تەقینەوەی ساڵی ١٩٩٤ لە ناوەندی یەهوودییەکانی بوێنس ئایرس (Buenos Aires) لە وڵاتی ئەرژەنتین کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی ٨٥ کەس. دادگای تایبەت بەم ڕووداوە وەحیدیان بە ڕۆڵبینینی سەرەکی لە تەقینەوەکەوە تاوانبار کرد و ساڵی ٢٠٠٩ پۆلیسی نێودەوڵەتی (Interpol) ئاگادارکردنەوەیان (Red Notice) بۆ وەحیدی و پێنج گومانلێکراوی تر دەرکرد، بەو مانایەی کە لەلایەن دادگایەکی نیشتمانییەوە (لێرەدا مەبەست وڵاتی ئەرژەنتینە) داوا کراوە. Interpol (4/9/2009), “INTERPOL statement clarifying its role in case involving Iranian minister wanted by Argentina”, https://www.interpol.int/en/News-and-Events/News/2009/INTERPOL-statement-clarifying-its-role-in-case-involving-Iranian-minister-wanted-by-Argentina.

بەرپرسیارێتییەکانی وەزارەتی ناوخۆ پێك دەهێنن [١١].بوونی تۆڕێکی وەها گەورە لە پەیوەندییەکانی نێوان دامودەزگانی حکومەت لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆ، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم پۆستە بەردەوام لە پێکهێنانی کابینەکاندا چاوی لایەنەکانی خاوەن پشکی لەسەر بێت. لە ئێستادا گرنگیی ئەم پۆستە بۆ دۆخی هەستیاری هەنووکەیی ئێران دەگەڕێتەوە، کە بە هۆی زیادبوونی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك لە ئاستی حوکمڕانی و بەڕێوەچوونی چەندین خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی لە چوار ساڵی ڕابردوودا، سوپای پاسداران و ڕەئیسی گەیاندۆتە ئەو بڕوایەی کە ئەم جارەیان سوود لە کەسایەتییەکی سەربازی-ئەمنی بۆ ئەم پۆستە وەربگرن. شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئەمنی و پۆلیس بەرامبەر بە خۆپێشاندەرانی شاری ئەسفەهان کە بۆ کێشەی وشکەسالی و بێ ئاوی ئەم شارە گردبوونەوەیان کردبوو و کۆتایی پێهێنانی بەزبری هێز [١٢]، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سوپای پاسداران گرنگییەی تایبەتی بە وەزراەتی ناوخۆ دەدات بەو پێیەی کە پێشبینی دووبارەبوونەوەی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان دەکات.

وەزارەتی دەرەوەی کابینەی بە حوسێن ئەمیر عەبدوڵاهیان [١٣] کەسایەتی نزیك لە سوپای پاسداران و قاسم سولەیمانی دراوە؛ ئەولەوییەتی سیاسەتی دەرەکیی ڕەئیسی بەو شێوەیەی کە لە وتاری پەرلەمان دەرکەوت، باشکردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و سووڕانەوەی دیپلۆماسیەتە بۆ ڕۆژهەڵات لەبریی ڕۆژئاوا، بۆیە هەڵبژاردنی عەبدوڵاهیان بە هۆی ئەزموونی کارکردن و ئاشنایەتیی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و نزیکیی لە سوپای قودس دەچێتە ئەم چوارچێوەیەوە. عەبدوڵاهیان دەچێتە بازنەی ئەو دیپلۆماتکارانەی کە بڕوایان بە دانوستانی ڕەها لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و تێڕوانینی بەرەو ڕۆژئاوا نییە و شکستی ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکیی (٢٠١٥) بە بەڵگەی شکستی ئەم تێڕوانینە دەهێننەوە و لە بەرامبەردا بڕوایان بە بەردەوامیی پاڵپشتی و یارمەتیدانی بەرەی خۆڕاگری (محور مقاومت) هەیە بۆ دابینکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی کە لە بەیاننامەی هەنگاوی دووەمی (گام دوم انقلاب) ڕابەری ئێران

---

[١١] بۆ زانیاری سەبارەت بە دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکانی وەزارەتی ناوخۆ، بڕوانە: معاونت توسعه مدیریت و سرمایه انسانی رئیس جمهور (١٣٩٢)، مجموعه اهداف، وظایف و پست های سازمانی وزارت کشور، تهران: معاونت توسعه مدیریت و سرمایه انسانی رییس جمهور، معاونت نوسازی اداری.

[١٢] بۆ زانیاری سەبارەت بە خۆپێشاندانەکانی شاری ئەسفەهان بڕوانە: بی بی سی فارسی (٢٠٢١/١١/١٩)، " تجمع انبوه مردم اصفهان در اعتراض به خشکی زاینده‌رود"، https://www.bbc.com/persian/iran-59343443.

[١٣] ئەمیر حوسێن عەبدوڵاهیان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ ماوەی چوار ساڵ وەك یاریدەدەری باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەغداد دەستبەکار بووە. یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی کەنداو (خلیج فارس)، یاریدەدەری نوێنەری تایبەتیی وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری عێراق، سەرۆکایەتیی لیژنەی تایبەتیی وەزارەتی دەرەوە بۆ عێراق، باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەحرەین، یاریدەدەری کاروباری وڵاتانی عەرەبی و ئەفەریقایی وەزارەتی دەرەوە، ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوە (محەمەد جەواد زەریف) و هەروەها یاریدەدەری تایبەتیی سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری نێودەوڵەتیی پەرلەمانی ئێران (٢٠١٦-٢٠٢١) بووە. فرارو (٢٢١/٥/٢٠)، "حسین امیرعبداللهیان؛ وزیر پیشنهادی وزارت امور خارجه کیست؟"، قابل مشاهده در:
https://fararu.com/fa/news/500493./

بە بۆنەی چلەمین ساڵی شۆڕش (انقلاب اسلامی) جەخت لە گرنگیی بەرەی خۆڕاگری بەرامبەر بە نەیارانی ئێران کراوە[١٤].

لەگەڵ ئەمەشدا پشکی سوپا تەنیا بەم دوو پۆستە گرنگەوە نەوەستاوە و بەشێکی بەرچاوی وەزیرانی کابینە، پێشینەی بەشداریکردنیان لە سوپای پاسداران هەیە؛ ڕۆستەم قاسمی (وەزیری ڕێگاوبان و شارسازی)، محەمەد عەلی زوڵفی گوڵ (وەزیری خوێندنی باڵا)، ئیسماعیل خەتیب (وەزیری ئیتلاعات)، محەمەد ڕەزا قەرایی ئاشتیانی (وەزیری بەرگری)، بەهرام عەینوڵاهی (وەزیری تەندروستی) و عیزەتوڵا زەرغامی (وەزیری میراتی کولتووری) (قاضی، ١٤٠٠).

پشکێکی تری بەرچاوی سوپا لە کابینەی ڕەئیسی بۆ پۆستی "پارێزگارەکان" دەگەڕێتەوە و لەنێو ئەو پارێزگارانەی کە تاوەکو ئیستا یەکلایی بوونەتەوە، دەردەکەوێت کە سوپای پاسداران دەستی باڵای هەیە و بەشێکیان لە ئیستاشدا ئەندامی ئەم دامەزراوەیەن و بەشێکی تریان ئەزموونی کارکردنیان لەگەڵدا هەبوو و گەیشتوونەتە پلەی فەرماندەیی؛ عابدین خورەم (پارێزگاری ئازربایجانی ڕۆژهەڵات) ئەحمەدی محەمەدزادە (پارێزگاری بوشەهر)، مەهدی دۆستی (پارێزگاری هۆرموزگان)، غولامعەلی حەیدەری (پارێزگاری چەهارمەحال و بەختیاری) (آرمان ملی، ١٤٠٠: ١؛ فارس، ١٤٠٠؛ ایسنا، ١٤٠٠؛ خبرگزاری مهر، ١٤٠٠؛ باشگاه خبرنگاران جوان، ١٤٠٠؛ کردپرس، ١٤٠٠). هەروەها بەشێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بە ناوی چەند پارێزگارێکی تر وەك سادق خەلیلیان (پارێزگاری خوزستان) و فەرهاد زیویار (پارێزگاری لۆرستان) دەکەن کە ئەزموونی کارکردنیان لەنێو سوپای پاسداران هەبووە (ایکدر، ١٤٠٠).

جیا لەمانە بەشێك لە یاریدەدەرەکانی ڕەئیسی لەو کەسانە پێکدێت کە ئەزموونی کارکردنیان لە سوپای پاسداران هەیە؛ محەمەد موخبێر، یاریدەدەری یەکەمی سەرۆککۆمار، لە ماوەی جەنگی ئێران و عێراق بەرپرسی کەرتی تەندروستیی سوپای پاسداران لە شاری دێزفول بووە (ایران، ١٤٠٠: ١). سەید محەمەد حوسێنی، یاریدەدەری سەرۆککۆمار بۆ کاروباری پەرلەمان، پێشینەی ئەندامێتی لە سوپای هەیە (همشهری آنلاین، 1400). موحسین ڕەزایی، یاریدەدەری ئابووری، ئەزموونی ١٦ ساڵ (١٩٨٠-١٩٩٦) فەرماندەیی سوپای پاسدارانی هەیە (شهروند، ١٤٠٠: ٣). هەروەها ڕەئیسی، سەعید محەمەدی وەك ڕاوێژکاری تایبەتیی ئابووری بۆ ناوچە بازرگانییە ئازاد و پیشەسازییەکان (مناطق آزاد تجاری – صنعتی) هەڵبژارد. محەمەد کە لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٨-٢٠٢١ فەرماندەی قەرارگای "خاتم الانبیاء" بووە (تابناك، ١٤٠٠) لە نەوەی نوێی سوپاییەکانی ئێرانە کە چوونەتە ناو پرۆژە ئابووری و بازرگانییەکانەوە و یەکێك بوو لە کاندیدەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ٢٠٢١.

[١٤] بڕوانە: خامنەای (٢٠٢١)، "بیانیەی گام دوم رهبر انقلاب به مناسب ٤٠ سالگی انقلاب اسلامی"، https://farsi.khamenei.ir/gaam2./

## ٤. ئاستەنگەکانی بەردەم کابینە

بۆ تێگەیشتن لە ئاستەنگ و گرفتەکانی نێو شیرازەی سیاسیی ئێران، دەکرێت لە سێ بازنەدا بابەتەکە لێکبدرێتەوە و دابەش بکرێن: ١. بازنەی نێوخۆیی شۆڕش و دیدگای بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. ٢. بازنەی کۆمەڵگەی ئێرانی و دابڕانی دەسەڵات و کۆمەڵگە و مەسەلەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی پرۆسەی سیاسی. ٣. بازنەی نێودەوڵەتی، کە دابڕانی ئێرانە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جۆری سیاسەتەکانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا. کە ئەمەش ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێت. بۆ شرۆڤەی ئەو ئاستەنگانە دەکرێت لە دوو دابەشکارییدا شیکاری ئەو سێ ئاستەی سەرەوەی ئاستەنگەکان بکرێت:

### ٤-١. ئەلف: ئاستەنگە بنەماییەکان

ڕەئیسیی سەرکۆمار تا هەنووکەش دەرنەکەوتووە لە نێوان دوو دروشمی ناکۆکدا (کە هەردووکیانی زۆرجار لە یەک وتاردا بەکارهێناوە)، پابەندی کامیان دەبێت:

#### ٤-١- ١. هەنگاوی دووەمی شۆڕش

ڕابەری باڵای ئێران دوو ساڵ لەمەوبەر لە یادی ٤٠ساڵەی شۆڕشدا ناوی نا و مەبەست لێی قۆناغی دووەمی شۆڕشی ئێرانە کە ئەرکی "هەناردەکردنی زیاتری شۆڕش و بەرگری ئەبەدیی لە شۆڕشە و بەرامبەر وەستانە دژی ئیستیکبار (ئەمریکا و ڕۆژئاوا)" (خامنەای، ١٣٩٧)، بێگومان پابەندبوون بەم گوتارەوە، کە سەرکۆماری نوێ لە یەکەمین وتاری پاش سوێندخواردنی جەختی لەسەرکردەوە، ڕێگر دەبێت لە کرانەوەی پێویستی دیپلۆماسی، چونکە ئەو بەیاننامەیە زیاتر ئامانجگەرا و شۆڕشخوازە و پەرەپێدەری ڕۆحی هەناردەکاریی هەژموونی ئێران و ئیسلامگەراییە کە خۆی لە پشتیوانی هێزە پرۆکسییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لوبنان، عیراق، یەمەن و سوریا بە تایبەتی و جیهانی بە گشتی کراوەتە دەبینێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە گرفتی سەرەکیی ئێران لەگەڵ ئەمریکادا هەر ئەم سیاسەتەیە و لەبەرامبەریدا ئەمەریکا و هاوپەیمانانی داوای "چاککردنی ڕەفتار"ی لێدەکەن، بە مانایەکی دیکە واتە کورتکردنەوەی دەستی کۆمەک بۆ میلیشیاکان و وازهێنان لە هەناردەکردنی شۆڕش و پشتیوانیەکردنی پرۆئێرانییەکان بە مووشەکی دوورهاوێژ و چەکی جۆراوجۆر و درێژکردنی دەستی دیپلۆماسییەتی ئاشتییخوازانە.

#### ٤-١- ٢. دانوستاندنی دۆسێی ناوەکی ٥+١

گەڕانەوە بۆ مێزی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دانوستاندن کە ئەمەش ئەو هەنگاوەیە کە پێچەوانەی هەناردەکردنی شۆڕش و بەرگری ئامانجگەرایانەیە لە شۆڕش، بەڵکو زیاتر کردەیی و واقیعگەرایە، ئەم گوتارە خاوەنەکەی زیاتر باڵی ڕیفۆرمخواز و بەرژەوەندییخوازەکانن، بەڵام وەک هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەک جاران نەماوون و هەم لە دەسەڵاتەکانی نێو شۆڕشیشدا کشێنراونەتەوە و هەم یەکێک لە فیگەرە کاریگەرە دیپلۆماسییەکانیان لە ژیاندا نەماوە (ئایەتوڵا

هاشمی ڕەفسەنجانی). لە دوا هەڵبژاردنیشدا کەمتر لە ٥٪-یان بەدەست هێنا و بەمەش گووتارەکە گەر "بالقوە" هی ئەوان بێت ئێستا "بالفعل" هی وان نییە، بەڵام سەرۆککۆماری نوێ لە وتارەکانیدا نایشارێتەوە کە وڵاتەکەی پێویستی بەم نەرمە سیاسەتە هەیە بۆ ئەوەی لە قەیرانی ئابووریی (لاوازی و هەڵاوسان)، سیاسیی (ئاسایشی ئێران و دابڕانی ئێران لە دراوسێیان و جیهان) و خزمەتگوزاریی نێوخۆیی(کێشەی بژێوی، کارەبا و ئاو و نیشتەجێبوونی هاوڵاتییان) دەربازی ببێت (العالم، ٢٠٢١).

واشنتۆنی سەردەمی بایدن (بە سەردەمی ترەمپ و ئۆباماشەوە)، هیچکات نەیانوویستووە و نەشیانووت کە دەیانەوێت سیستەمی سیاسیی ئێران هەرەس پێبهێنن و لەناوی ببەن، بەڵکو هەردەم داوای چاککردنی ڕەفتاریان لێ کردووە و دەکرد، بۆ جێبەجێکردنی ئەمە، سیاسەتی کوتەک و گێزەر لەبەرچاو گیراوە، یان "هەل و ئیمتیاز" دراوەتە ئێران بۆ سازان و نەرمی‌نواندن (وەک سەردەمی ئۆباما)، یاخود تەکنیکی زۆرترین فشار لەسەر تاران، کە ئەمەی دووەمیان سیاسەتی ترەمپ بوو و تا هەنووکەش پاشماوەکانی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئێران بەردەوامن و هەموو هەوڵێکی ئێرانیش لە چوارساڵی دووەمی ڕۆحانییەوە تا هەنووکە بە ڕئیسیشەوە بۆ کەمکردنەوە ئەو فشارانەیە، بەڵام واشنتۆن ئەو فشارانەی وەک کارتی نوێ هێناوەتە سەرمێز و بەر لە گفتوگۆی پرسی ئەتۆمی داوای چاکسازیی ڕەفتاری لە ئێران لە عێراق و لوبنان و یەمەن دەکات(هاین، 2018).

### ٤-٢ ئاستەنگە دەستوورییەکان و مافی پێکهاتەکان

### ٤-٢- ١. مافی پێکهاتەکانی ئێران

بەدەستوورێک ئاراستە دەکرێت، جیا لەوەی سەرچاوەی ڕەوایەتی کە ڕووبەڕووی بەشداریی خەڵک و بایکۆتی پێکهاتەکان لە ساڵی ١٩٧٩دا بوویەوە، لە ئانی پەسەندکردنیدا و هەروەها جۆری سیستەمەکەی (مەزهەبی-ناوەندگەرا)، کە پرسیاری لەسەر ڕەوایەتی دروستکردووە، تەنها جارێک هەموار کراوەتەوە، کە دیسانەوە خۆی نەدا لە کێشەی جیاکارییە نەتەوەیی(کورد،بەلوچ و عەرەب..تاد) و مەزهەبی(سوننە، مەسیحی، زەردەشتی و ...تاد) و ڕەگەزییەکان(مافی ژن و بەشداریی سیاسی لە مەسەلەی پۆشاکەوە بیگرە تا بەشداریی سیاسی) (میکە، ٢٠١٩: ٢٦-٣٠). ئەم دەستوورە لەبنچینەدا بۆ چارەسەر و دەرچەسازیی کێشە قوڵەکانی ئێران نووسراوە، بەڵام لە ئێستادا خۆی بووەتە کێشە و بەربەستی چاکسازیی سیاسیی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا، نەک هەر ئەوەش بەڵکو لەسەر چەندین ئاستی مەترسی ئاسایشیی، سیاسیی و سەروەریی بۆ وڵاتەکە دروستکردووە. زەقترین کێشەی دەستووریش خۆی لە مەسەلەی شیعەتەوەری و دوانزەئیمامێتی مەزهەبەکەیدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە هەر بیرکردنەوەیەک لە چارەسەر پێویستی بەوەیە بەر لەگەڕانەوە بۆ خەڵک دەبێت بۆ سنوورەکانی فیقهی سیاسیی شیعەی دوانزەیی بگەڕێنەوە. ئەمەش لەهەندێ پرسدا گۆڕانکاریی ئەستەم کردووە، بەتایبەت لە مەسەلەی مافی مەدەنی و سیاسیی هاوچەرخ و پرسی ڕەگەزییدا وەك مافی ژن (عەزیزی، ٢٠٢٠: ٢١-٢٢).

### ٤-٢- ٢. ڕەوایەتیی سیستەم

لە سەدساڵی ڕابردوودا لە ئێراندا دوو بیدعەی سیاسیی داهێنران، یەکەم: نەتەوەسازیی و ئێرانچێتی، دووەم: ویلایەتی فەقیە. یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەزاشای پەهلەوی و نوخبەی ڕۆشنبیری دەسەڵاتگەرا، کە ئێرانچێتیان لەڕێی سیاسەتی کولتووری و فشاری سیاسیی و سەربازییەوە بەسەر نەتەوە نافەرسەکاندا سەپاند (میکە، ٢٠١٩: ٢٣٤-٢٤٩). ئەمەیان هەر لە زووەوە تا ئێستا لەلایەن کورد و بەلوچ و عەرەبەکانەوە ڕەتکرایەوە و تورکە ئازەرییەکانیش کەمتازۆر ئەوەیان ڕەتکردووەتەوە. لەئێستا لەهەرکات زیاتر پرس لەسەر ڕەوایەتی نەتەوەسازیی ئێرانی دروستبووە، لەلایەک بەهۆی ستەمی درێژخایەن و بێبەشی مافە کولتووری و سیاسییەکانەوە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی جۆری مۆدێلی حوکمرانی شیعەتەوەر کە مەزهەب چەقە، پرسی مافی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا زیندووتر بوویەوە. دووەمیش بابەتی ویلایەتی فەقیهە کە لەڕووی سیاسییەوە بە وەک "ویلایەتی عامە" داهێنراوی ئایەتوڵلاخومەینیی و هاوبیرەکانی بوو (بحرانی، ١٣٨٩: ٢٤٤)، کە تێیدا نەک مەرجەع بەشداری پرسی سیاسیی دەکات، بەڵکو لە لوتکەی ئەو سیستەمە سیاسییەدا جێگەی خۆی دەگرێت و بەشداری ورد و درشتی مەسەلەکان دەکات(بهنیافر، ١٣٧٨: ٤٥-٧٦؛ شیرازی، ١٣٩٣: ٣٦). ویلایەتی فەقیهـ ڕاستە کۆمەڵگەی شیعەی ئێرانی یەکدەخات و دەسەڵاتبەخشە بە نوخبەی مەزهەبی و شۆڕشیی نێو کۆمەڵگەی ئێران، بەڵام هاوکات، جیاکاری و ململانێ لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا دەسازێنێت، لەنێوخۆشیدا دەسەڵاتخوازیی و جیاکاریی بەرهەمدێنێت و لەم پێناوەشدا ڕاجیاوازی لەسەر جۆر و سنوور و شێوەی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیە دروست بووە.

### ٤-٢- ٣. بەردەوامی خۆپیشاندانەکان و ڕادیکاڵبوونی دروشمەکان

خەراپی دۆخی ئابووری، ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، گەندەڵی دارایی و قەیرانەکانی تری وەك گرانبوونی نرخی بەنزین و کێشە کەم ئاوی لە چەندین پارێزگای ئێران سەرجەمیان کۆمەڵە هۆکارێکن بۆ بەردەوامی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ئێران کە لە ٢٠١٧-ەوە بەردەوامی هەیە، کە لە لایەکەوە فراوانتر بووە و لە لایەکی ترەوە چیتر تەنیا بە پارێزگای تارانەوە نەوەستاوە و پارێزگانی تری وەك خوزستان و ئەسفەهانیشی گرتۆتەوە. هەروەها دروشمی خۆپیشاندەران بە بەراورد بە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٩، ڕادیکاڵتر بووە؛ بۆ نمونە لە خۆپیشاندانەکانی پاییزی ٢٠١٩ (آبان ١٣٩٨)[١٥]، بەشێك لە خۆپیشاندەران بە ئاشکرا دژ بە ڕابەری ئێران دروشمیان داوە و بە دیکتاتۆر ناویان برد و هەروەها بەشێکتر داوای گەڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی دەکرد (رادیو فردا، ١٣٩٨). خۆپیشاندانەکانی پاییزی ٢٠١٩ بۆ حکومەتی ئێران ئاگادارکردنەوەیەکی جیددی بوو، بەو پێیەی کە ڕووبەری خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان ٢٨ پارێزگار و ١٠٠ شاری ئێرانی گرتەوە و توندوتیژییەکانی بە بەراورد بە خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ زیاتر بوو. بەپێی ڕاپرسییەکی

---

[١٥] سەبارەت بە هۆکارەکانی دەسپێکی خۆپیشاندانەکان و چۆنێتی کۆتایی پێهاتنی، بڕوانە: امیرشاهی، فرنوش (٢٠٢٠/٢/١٤)، "اعتراضات آبان ٩٨ چرا آغاز شد و چگونه 'جمع' شد؟"، https://www.bbc.com/persian/iran-features-54880103.

ناوخۆی ئێران لە دانیشتوانی شاری تاران سەبارەت بە خۆپێشاندانەکانی پاییزی ٢٠١٩، زۆرینەی ڕەهای بەشداربووان (٨٥%) نیگەرانی دۆخی ئابووری و بێکاری بوون و تەنیا ١٦%-ی خەڵکی تاران ئۆمێدیان بە ئایندەی وڵات هەبوو و سەرووی ٥٠%-یان پێیانوابوو دۆخەکە لە داهاتوودا بەروە خەراپتربوون دەڕوات و لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە ٥٤%-ی خەڵکی تاران پێیانوابوو کە خۆپێشاندانەکان کۆتایی نەهاتووە و لە ئایندەدا بەردەوامی دەبێت (عبدی، ١٣٩٨: ١).

**٤-٣. ئاستەنگە سیاسییە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان**

**٤-٣- ١. کابینەیەکی سزادراو**

بەهۆی کارنامەی کەسێتی خودی ئیبراهیم ڕەئیسییەوە، دوورنیە لە ئایندەدا، ببێتە بەربەست لەبواری دیپلۆماسیی سەرۆکی کابینەکە و ڕێگر بێت لە سەردانە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکانی، چونکە لە چەندین دەزگا و کەناڵی جیاجیاوە داوای لەسەر تۆمارکراوە و لە لیستی تۆمەتبارانـدایە، دووریش نییە هاوشێوەی سەرۆکی پیشووی سودان لە جوڵەی سیاسییەکانیدا بەتۆمەتی بەشداری لەتاوانە مرۆییەکاندا، هاتوچۆی دیبلۆماسی سنووردار بکرێت(دیپلماسی ایرانی، ١٤٠٠). ئەوەی بە کارنامەی ئاڵۆزی ڕەئیسییەوە، بریتییە لەوەی کە لەنێوبردنی نەیارانی شۆڕشدا، لەڕێی دادگاوە لەدەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و هەروەها ئەندامبوونیەتی لە لیژنەیەکی لەسێدارەدان کە لە لایەن بەرهەڵستکارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی ئێران بە "لیژنەی مەرگ" ناسراوە و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسیی نەیارانی نێوخۆیی شۆڕشی لەئەستۆ بوو، کە زۆرترین ڕێژەی لەسێدارەدانی ساڵی ١٩٨٨ بوو، تێیدا سەدان لایەنگری گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان و کەسووکاریانی لە خۆگرتبوو و بە ئیمزای ناوبراو پەتی سێدارە لە ملیان کرا.[١٦] زۆرترینی قوربانیانی ئەم دۆسییە چەپەکان و گرووپی موجاهدینی خەڵق و خانەوادەکانیان بوون( عباس توللی، ٢٠٢١). بابەتی لەسێدارەدانەکانی ساڵی ١٩٨٨ تاوەك ئیستا وەك دۆسێیەکی کراوە لە لایەن ڕێکخراوی لێخۆشبوونی نێودەوڵەتی، مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی تر پەیوەست بە مافی مرۆڤ کاری لەسەر دەکرێت و لە دوایین ڕاپۆرتدا و لە ساڵی ٢٠٢٠، "ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان" لە نامەیەکدا بۆ دەوڵەتی ئێران، داوای "لێکۆڵینەوەی گشتی و سەربەخۆیانە"یان بۆ شەفافبوونی پرۆسەی دادگاییکردن و چارەنووسی لەسێدارەدراوانی کردووە(بی بی سی فارسی، ٢٠٢١).

جیا لە خودی ڕەئیسی، بەشێك لە وەزیرانی کابینە لە لیستی سزادراوانی خەزێنەی ئەمەریکا و

[١٦] لە دوای هێرشی موجاهیدینی خەلق بۆ ئێران بە پشتیوانی حکومەتی عێراق لە کۆتاییەکانی شەڕی ئێران و عێراق (١٩٨٨) و یاخیبوونی بەشێك لە بەندکراوانی موجاهیدین لە بەندینخانەکانی ئێران، ئایەتوڵا خومەینی، ڕابەری ئێران، لە فەرمانێکدا بڕیاریدا ئەو بەندکراوە موجاهیدانەی کە لەسەر بیروباوەڕ و هەڵوێستی خۆیان بەردەوامن بە ناوی "محارب" فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەربچێت. دیاریکردنی ئەوەی کە کام لە بەندکراوان لەسەر هەڵوێستەکانی ڕابردووی خۆیان بەردەوامن یان پاشگەزبوونەتەوە، بە لیژنەیەکی تایبەت سپێردرا و ئیبراهیم ڕەئیسی بە سیفەتی جێگری داواکاری گشتیی تاران ئەندامێکی لیژنەی چوار کەسی بوو. بۆ خوێندنەوەی دەقی فەرمانەکە بڕوانە: منتظری (١٣٧٩)، بخشی از خاطرات، جلد ١، بی جا، بی نا، ص ٦٢٤، پیوست ١٥٢.

یەکێتیی ئەورووپا دەبینرێن و ئەم بابەتە دەتوانێت کاریگەریی نەرێنیی لەسەر هاوکاری و پەیوەندیی بەشێك لە وەزیرەکان لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەجێ بهێڵێت، هەر چەندە هەڵبژاردنی ئەم کەسانە ئاماژەیەکی ترە بۆ ئەولەوییەتی دەوڵەتی ڕەئیسی بۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و وڵاتانی هەرێمی و گوێنەدان بە سزا نێودەوڵەتییەکان. ئەحمەد وەحیدی، ڕۆستەم قاسمی، عیزەتوڵا زەرغامی، محەمەد ڕەزا ئاشتیانی، جەواد ئوجی، موحسین ڕەزایی، محەمەد ئیسلامی (یاریدەدەری سەرۆککۆمار و سەرۆکی دامەزراوەی وزەی ناوەکی)، ناویان لە لیستی سزادراوانی خەزێنەی ئەمەریکادایە. محەمەد مۆخبێر، ئیسماعیل خەتیب، غولامحوسێن ئیسماعیلی (سەرۆکی نووسینگەی ڕەئیسی)، سەید محەمەد حوسێنی و سەید سەولەت مورتەزەوی (یاریدەدەری سەرۆککۆماری لە کاروباری جێبەجێکاری) لەنێو لیستی سزادراوەکانی ئەورووپا ناویان هەیە (قاضی، ١٤٠٠؛ بروجردی، ٢٠٢١؛ المشارق، ٢٠٢١؛ خبرآنلاین، ١٣٩٠)، هەروەها مۆخبێر، وەحیدی، ئاشتیانی، زەرغامی و ئیسلامی ناویان لە هەردوو لیستی سزادراوانی ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا دەبینرێت.

**٤-٣- ٢. سنوورە هەرێمییەکان و بەرەی خۆڕاگری؛**

ئاستەنگێکی گرنگی سیاسەتی دەرەوەی ڕەئیسی بۆ پرسی سنوورەکانی ئەم وڵاتە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە کە لە پاش گۆڕانکارییەکانی یەك ساڵی ڕابردووە بووەتە پرسێکی گرنگی سیاسەتی دەرەوە و بۆچوونە ناوخۆییەکانی ئێرانی بۆ شێوازی مامڵەکردن لەگەڵیان دابەشکردووە. کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان و جێگیربوونی بە هێزی ڕادیکالی سوننەو مەزهەب (تاڵیبان)، ئێرانی لە نیوان دوو برداشتی سازش و ڕووبەڕووبوونەوە هێشتەوە کە تاوەکو ئیستا و بە "ناچاری" یەکەمیان هەڵبژاردووە، هەرچەندە هیچ گەرەنتییەك بۆ سازشێکی درێژخایەن لە ئارادا نییە و بۆچوونێك پێی وایە هەڕەشەی جیددییە بۆ ئاسایشی نیشتمانی ئێران (ایندیپندنت فارسی، ٢٠٢١). سەبارەت بە سنوورەکانی ڕۆژئاوا و ناوچەی ئاڵۆزی قەوقاز، سەرهەڵدانەوەی قەیرانی ناگۆرنۆ قەرەباغ و دروستبوونی بەرەی ئازربایجان-ئیسرائیل-تورکیا دژ بە ئەرمەنستانی هاوپەیمانی ئێران و هەڵوێستی پاسیڤی ئێران کە دیسانەوە بە ناچار، تەنیا تەماشاکەری سەرکەوتنە مەیدانییەکەی ئازربایجان بوو، بەرژەوندییە ئابووری و سیاسی و ئاسایشییەکانی ئێرانی خستۆتە مەترسییەوە، بەتایبەت لەو ڕوانگەیەوە کە ئازەریەکانی نێو ئێران و بەتایبەت تەورێز کە هاوسنووری وڵاتی ئازەربایجانن، دوور نییە هەڕەشەی ئایندەیی بن لە دروستکردنی درزی ئەمنی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و یەکپارچەیی ئێران(دویچە ولە فارسی، ٢٠٢١).

سەبارەت بە بەرەی خۆڕاگری کە سوپای پاسداران وەك ستراتیژییەکی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و دابینکردنی قووڵایی ستراتیژی لێی دەڕوانێت و هەڵبەت لە گوتاری کابینەی نوێشدا ڕەنگدانەوەی هەیە، ڕاستە لەهەندێ حاڵەت و ماوەدا هەناردەکردنی شۆڕش کە بنەمایەکی دەستووریی و سیاسیی (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، اصول ٣، ١٥٢، ١٥۴) هەیە و ئێرانی ئێستا باوەڕیی پێیەتی ئەویش لایەنگرییکردن و ناردنەدەرەوەی شۆڕشە بۆ دەرەوەی سنوور لە چوارچێوەی بەرەی خۆڕاگری و لەساڵانی ڕابردوودا لە لوبنان، عێراق، یەمەن، سوریا و بەجۆری

دیکەش لە ئەوروپا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقاش وێنەدانەوەی ئەم بنەمایە بینراوە. بەڵام هەر ئەم سیاسەتەی کە جۆرێک هەژموونی سەربازیی داوەتە ئێران، هاوکات پەراوێزیی و دابڕان و ئابوورییەکی بەرەوهەرەسیشی تووشی ئێران کردووە. بەڕێوەبردنی میلیشیاکانی قودس و ئەوانی دیکە هەم تێچوونی سیاسیی و هەم ئابووریشیان بۆسەر ئێران هەیە، هاوکات لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا بە هێزێکی دەرەوەی سیستمی نێودەوڵەتی و واقیعگەرا لەقەڵەم دەدرێت، هەرئەمەش وای کردووە جەمسەربەندی و سەنگەربەندیی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەرامبەری دروست ببێت(فریدمان، ٢٠٢٠).

### ٤-٣- ٣. دۆخی ئابووری و فشاری گەمارۆکان

چاوەڕێ دەکرێت بە پێچەوانەی کابینەی ڕۆحانی کە ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکییان لە چوارچێوەی تێڕوانینی بەرەو ڕۆژئاوا بە تاکە چارەسەری سەرەکی بۆ دەربازبوونی ئێران لە قەیرانی ئابووری و پەیوەندییە ئابوورییەکانی ئێران لەگەڵ جیهان دەزانی، سیاسەتی ئابووریی ڕەئیسی بادانەوە بەرەو ڕۆژهەلات، ئاڵوگۆڕ لەگەڵ دراوسێ هەرێمییەکان و هاوکاریی هاوپەیمانە سیاسییەکان (چین و ڕووسیا) بێت و لە چوارچێوەی بەرنامەی ئابووریی خۆڕاگرانە، چاویان لە توانا ناوخۆییەکانی ئێران بێت. لەم چوارچێوەیەدا بەشێك لە بەیاننامەی هەنگاوی دووەمی شۆڕش، جەختکردنەوەیە لە "ئابووریی سەربەخۆ" کە لە ڕێگەی گرنگیدان بە گەشەپێدانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، دابەشکردنی عادیلانەی سەروەت و بەڕێوەبردنی هۆشمەندانەی وڵات دێتەدی و چارەسەری سەرجەم کێشەکان بە گرتنەبەری سیاسەتەکانی "ئابووری خۆڕاگرانە" چارەسەر دەکرێن (خامنەای، ١٣٩٧).

لە نێو ئەو وەزیرانەی کە دەچنە خانەی تیمی ئابووری کابینەوە، خاندوزی(وەزیری ئابووری) لە بەرنامەکانیدا جەختی لەسەر ئابووریی خۆڕاگرانە کردووە وەك ئەوەی کە ڕابەری ئێران مەبەستێتی و ڕەخنەی لە بەستنەوەی ئابووریی وڵات بە پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا گرتووە. خاندوزی پێی وایە وەك چۆن جێگیری، ئاسایشی سیاسی و بەرگریی وڵات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە هۆی پشتبەستن بە توانا ناوخۆییەکان بەدەست هاتووە، بە هەمان شێوە لە بواری ئابوورییشدا پێویستە پشت بە زانست و تەکنەلۆجیا و نوخبەی ناوخۆی ئێران ببەسترێت (خاندوزی، ١٤٠٠). حوجەت عەبدولمەلەکی (وەزیری کار)، کە زیاتر بە دژایەتیکردنی سیاسەتەکانی کابینەی ڕۆحانی ناسرابوو، بە یەکێك لە ڕەخنەگرە سەرسەختەکانی چوونی ئێرانە بۆ ناو ڕێکخراوی "FATF"[١٧] و هەروەها بە نەیارێکی ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی دادەنرێت (ایمنا، ١٤٠٠). سەید

[١٧] کورتکراوەی "Financial Action Task Force": ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی چاودێری پارەسپیکردنەوە و دابینکردنی دارایی تیرۆریزمە کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە لایەن وەزیرانی دادی وڵاتانی ئەندامەوە دامەزراوە. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە؛ بەرەنگاربوونەوەی پارەسپیکردنەوە، ڕێگری لە پاڵپشتیی دارایی هێزە تیرۆریستییەکان و هەر هەڕەشەیەکی ترە کە ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەر سیستمی دارایی نێودەوڵەتی. ئەم ڕێکخراوە چالاکییەکانی لە ساڵی ٢٠١٢ بەملاوە فراوانتر کردووە و لە ئێستادا بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەری تایبەت بەم ڕێکخراوە، زیاتر لە ٢٠٠ وڵات ئەندامن. سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی کابینەی ڕۆحانی بۆ ئەندامبوون لەم ڕێکخراوە و

مەسعوود کازمی (سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی بەرنامە و بودجە) هاوشێوەی هاوکارانی تری لە تیمی ئابووریی کابینەدا، ئابووریی خۆڕاگرانە بە چارەسەری دۆخی هەنووکەیی ئابووریی ئێران دەزانێت (دنیای اقتصاد، ١٤٠٠).

لەگەڵ ئەمەشدا ئەزموونی کابینەکانی ئەحمەدی نەژاد و ڕۆحانی ئەو ڕاستییەی دەرخستتوە کە ئابووری خۆڕاگرانە و سەربەخۆ تەنیا لە ئاستی دروشم کاری پێکراوە و نەبووتە ستراتیژی درێژخایەنی وڵات و ئابووریی داخراویی ناوخۆی ئێرانیش ڕانت و گەندەڵی بەدوای خۆیدا هێنا و ئێران تا هەنوکەش نەیتوانیوە لە ئابووریی وابەستە بە نەوت ڕزگاری ببێت. دۆخی بەردەوام لە هەرەسی ئابووری لە ٢٠١٨-ەوە بەردەوامە و بەپێی ئامارەکان لە ئەگەری بەردەوامبوونی سزاکان و نەگرتنەبەری ستراتیژییەکی ئابووری واقیعیانە و چاکسازی ڕاستەقینە لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، دۆخی ناوخۆیی ئێران بەرەو خەراپتر دەڕوات.

بەپێی داتا فەرمییەکانی ناوەندی ئاماری ئێران بۆ هاوینی ٢٠٢١، ڕێژەی بێکاری لە تەمەنی ١٥ ساڵ بەسەرەوە، گەیشتووەتە ٩,٦% و ڕێژەی هەڵاوسان لە پاییزی ٢٠٢١ گەیشتووەتە ٤٤,٤% (مرکزی ملی آمار، ١٤٠٠). لە ئەگەری بەرزبوونەوەی ئەم ئامارانە، ڕێژەی هەڵاوسان ژمارەی پێوانەیی لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دەشکێنێت و دەگاتە زۆرترین ڕێژەی هەڵاوسان کە بەرزترین ژمارەی تۆمارکراوی بۆ ساڵی ١٩٩٥ و کابینەی ئایەتوڵا هاشمی ڕەفسەنجانی دەگەڕێتەوە کە ٤٩,٤% بوو(مشرق، ١٤٠٠؛ اقتصاد آنلاین، ١٣٩٨). سەبارەت بە گەشەی ئابووری، ڕێژەی گەشەی ئابووری (بە نەوتەوە) لە بەهاری ٢٠٢١، ٧,٦% بووە و ئابووری (بێ نەوت) لە هەمان وەرزدا ٤,٦% بووە (مرکز ملی آمار، ١٤٠٠). بەپێی ئەم ئامارانە، پێوەری چارەڕەشی (شاخص فلاکت/ Misery index) لە ئێراندا بۆ ساڵی ٢٠٢١، ٤٥%-ی تێپەڕاندووە و پێشبینی زیادبوونی ئەم ڕێژەیە دەکرێت (صادقی، ١٤٠٠ ؛ ابنا، ١٤٠٠).

سەبارەت بە فرۆش و هەناردەی نەوت وەك سەرچاوەی سەرەکی داهاتی ئێران، لە پاش کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی وزەی ناوکی لە مانگی پێنجی ٢٠١٨ تاوەکو هەمان مانگ لە ساڵی ٢٠٢١، ئێران لە بەرهەمهێنانی یەك میلیارد و ٨٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت و داهاتی نەوتی ١٠٠ میلیارد دۆلار بێبەش بووە و زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلار زیانی کەوتووە (ایسنا، ١٤٠٠). هەناردەی نەوتی ئێران لە دوای ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی کە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و گەیشتە دوو ملیۆن و نیو بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام لە دوای گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەمەریکا ئەم ڕێژەیە لە هەندێ مانگدا تا ئاستی ١٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەمبوونەوەی بەخۆوە بینی (بی بی سی فارسی، ٢٠٢١). ئەگەرچی بەپێی بەشێك لە سەرچاوەکانی ناوخۆی ئێران و هەروەها تۆێك لە بەهاری و هاوینی ساڵی ٢٠٢١-ەوە بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران بۆ زیاتر لە دوو ملیۆن بەرمیل زیادی کردووە، بەڵام هەناردەی نەوت لە ئاستێکی زۆر کەمتردایە و نزیکەی نیو ملیۆن بەرمیل نەوت

پاش مشتومڕێکی زۆری ناوخۆیی، لە ئێستادا بابەتی چوونەناوەوەی ئێران بۆ ئەم ڕێکخراوە لە ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم بەهەڵواسراوی ماوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم ڕێکخراوە بڕوانە:
FATA (2021), “about”, https://www.fatf-gafi.org/about/. .

لە ڕۆژێکـدایە (aizhu and lawler, 2021 ؛ بـی بـی سـی فارسـی، ٢٠٢١). بەشـێکی ئەم نەوتە بە داشکانەوە و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و بەناوی نەوتی عەممان، عێراق، ئیمارات، مالیزیا و ئەندۆنزیا بۆ چین نێردراوە (رادیوفردا، ١٤٠٠). بەپێی ئامارەکانی بانکی ناوەندی ئێران، کـۆی هەنـاردەی نەوتـی و غەیرەنەوتیی ئێران لە بەهاری ٢٠٢١ ئەگەرچی بەبەراورد بە ساڵی ڕابردوو دوو هێندە زیادی کردووە و گەیشتووەتە ١٧,٣ ملیارد دۆلار، بەڵام بە بەراورد بە ساڵانی پێش گەمارۆکان ٢٧% کەمـی کـردووە. هەروەها هاوردەی ئێران لە بەرهاری ٢٠٢١ گەیشتووەتە زیاتر لە ١٥ ملیارد و زیادبوونێکی ٥٢%-ی بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو هێناوە، بەڵام هێشتا بەرارود بە سـاڵانی پـێش گەمارۆکـان کە سـاڵانە ١٨ ملیارد دۆلار بووە، ڕێژەیەکی زۆر کەمترە (اوغلو، ١٤٠٠).

ئاماژەیەکی تری خەراپیی دۆخی ئابووری، بۆ دابەزینی بەردەوامی نرخی دراوی ئێران بەرامـبەر بە دۆلار دەگەڕێـتەوە کە لە بەهـاری ٢٠١٨-ەوە ئەم دابەزیـنە جـگە لە چەنـد مانگێـك نەبێـت کە بەرزبوونەوە یان جێگیربوونی کاتی بەخۆیەوە بینی، بەردەوام لە ئاستی داڕمان بووە و لە ئیستادا بە پێوەرێکی ڕوونی ئاستی بژێـوی و دەرامەتـی خەڵـکی ئێـران دادەنرێـت. لە پـاش بـێ ئەنجـامبوونی یەکەمین خولی دانوستانی ئێران لەگەڵ وڵاتـانی ٤+١سـەبارەت بە پرسـی وزەی نـاوەکی لە کـابینەی ڕەئیسی لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٩، نرخـی هەر دۆلارێکـی ئەمەریکی بەرامـبەر بە تمەنـی ئێرانـی، گەیشتە سەرووی ٣٠ هەزار تمەن (بی بـی سـی فارسـی؛ ٢٠٢١). ئەمەش بەرزتـرین دابەزینـی نرخـی دراوی ئێرانییە لە پاش گەڕانەوەی سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران لە سـاڵی ٢٠١٨-ەوە، لە کاتێکـدا کە نرخی دۆلار لە دوایین مـانگی پـێش دەرچـوونی ئەمەریکـا لە ڕێککەوتنـامەی وزەی نـاوەکی، لە بەرزترین ڕێژەیدا لە سەرووی پێنج هەزار تمەن بوو (خبرگزاری میزان، ١٣٩٨).

## ٥. سیناریۆکان

ڕەئیسی ئێستا لەبەردەم سێ سیناریۆی سەختدایە:

١. بەرگریکـــردن و ئامـــانجگەراییخوازی کە پابەنـــدبوونە بە دروشـــمی بناژۆخوازەکـــان؛ لەم سیناریۆیەدا ڕەنگە سیستمی ئێران بە بەهێزی و سازشنەکردن خۆی نمـایش بکـات و لە نێـو جیهـانی شیعەی دەرەوە بەهێز بنوێنێت، بەڵام بەهۆی سزاکان، تێچوونە ئەمنی، ئابووریی و مرۆییەکـانی ئەم سیاسەتە لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران، لە خەڵک دوورتر دەکەوێتەوە و ناڕەزایەتییەکـان زیـاتر گەشـە دەکەن.

٢. چاوشـــارکێی دیپلۆماســـی؛ کە بـــریتییە لە هێشـــتنەوەی ئێـــران وەک دۆخـــی ئێســـتای نیمچەدانوستاندن و نیمچە بەرگریکردن، گەر ئەمە بچێتە پێشەوە، لەوانەیە ئێـران بتوانێـت لە پێنـاو بەشێك لە ئامانجەکانی، کـات بکڕێـت و هەڕەشـەکانیش لە خـۆی دوور بکـاتەوە، بەڵام ئایا کـات و زەمینـەی هەرێمایەتـی و نێـودەوڵەتی و ئاسـتی دان بەخۆگرتنیـان هەروا دەمێنێـتەوە کە ئێـران ئەم چاوشارکێیەی تێدا بکات؟

٣. سازش لەدەرەوە و پاکسازیی نێوخۆیی؛ بریتییە لەوەی وەک تەکنیک و ناچـاری لە سیاسـەتی دەرەوەدا کـرانەوە ئەنجـام بـدات و سـازش لە درووشـمدا بـۆ واقیـع بکـات. بەمشـێوەیە هەلێـک

وەردەگرێتەوە بۆ بوژانەوەی ئابووری و لادانی سزاکان و لەبەرامبەردا دەستکراوەیی بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییە ناوخۆییەکان. لەم سیناریۆیە حکومەت لە پای باشکردنی دۆخی ئابووری، ڕێگەی لە کرانەوەی سیاسی لە ناوخۆدا دەگرێت.

بۆیە لەم سێ سیناریۆیە زیاتر دانەنرا، چونکە سیستەمی سیاسیی و دەوڵەت و دەستوورەکەی ئێران تەنها ڕێگەی یەکێک لەمانە دەدات و بەم دۆخەی ئێستا و بەم کابینە و گوتار و بەم ستوونانەی دەسەڵاتەوە، هەر ئەم سیناریۆیانە ئەگەری جێبەجێبوونیان هەیە، نەک چاکسازیی ڕیشەیی و گۆڕینی دەستوور و ئاشتبوونەوەی تەواوەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا و هاوسێیاندا.

## ٦. ئەنجام

١.ئیبراهیم رەئیسی نمونەیەکی دیاری کەسایەتییەکی پەروەردەکراوی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە سەرجەم قۆناغەکانی دەسەڵاتی لە دەزگای دادوەری تێپەڕاندووە و لە نێو ڕژێمدا جێی خۆی کردۆتەوە و لە ئیستادا بە پاڵێوراوێکی بەهێز بۆ ڕابەرایەتی داهاتووی ئێران دادەنرێت. کارکردنی بێ دابڕان لە نێو دەزگایەکی هەستیاری ئێران، پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ ناوەندەکانی هێز و بەتایبەتی ڕابەری ئێران و دواجار دروستکردنی متمانە لە نێو بازنەی بڕیاردەرانی ڕژێم، لە تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی ڕەئیسیە بۆ گەرەنتیی پشتیوانیی ناوخۆیی بۆ کابینەکەی، بەڵام نەبوونی شارەزایی پێویست لە بوارەکانی ئابووری، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کایەی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی، بە خاڵە لاوازەکانی کەسێتی ڕەئیسی دادەنرێت.

٢. قەیرانەکانی ئێران بەرلەوەی حکومەت و خزمەتگوزاری بن، قەیرانی سیستمین و بە سەرۆککۆمار و کابینەی حکومەتی چارەسەر نابن، بەڵام سەرۆککۆمار بۆ قۆناغی پاش خامنەیی گرنگە هاودید و تەبابێت لەگەڵ دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان و نوخبەی نێو ئەنجومەنی پاسەوانی دەستوور کە ڕابەری ئایندە دیاری دەکەن. هەروەها سەرککۆماری ئایندە ڕەنگە بەشداربێت لەو سێکوچکەیەی کە پاش نەمانی ڕابەر، بەپێی دەستوور جێگەی ڕابەر دەگرنەوە، تا ئەوکاتەی ڕابەری نوێ دیاری دەکرێت. بۆیە گرنگە نوخبەی دەسەڵات بە یەکلاکردنەوەی سەرۆککۆمار لەخزمەتی ئامانجی شۆڕشدا یەکلایی بکەنەوە نەک لەخزمەتی خەڵک و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییدا، چونکە هیچ یەک لە دۆسێکانی وەزارەتی دەرەوە، دەستوور، ناردنەدەرەوەی شۆڕش و مافی نەتەوەکانی دیکە لەدەسەڵاتی سەرکۆماردا نییە و تەنانەت گەر ڕادیکاڵێکی دژ بە کۆماری ئیسلامیش دەربچێت، بەو چارەسەر نابن.

٣. پێکهاتەی سەرەکی کابینەی رەئیسی لەو هێز و لایەن و دامەزراوانە پێکدێن کە هەڵگری گوتاری زاڵی بناژۆخوازانن و لەو کەسانە هەڵبژێردراون کە دەچنەی بازنەی متمانەپێکراوانی ڕژێمەوە. سوپای پاسداران لە کابینە رئیسیدا پشکی شێری بەرکەوتووە و دوو وەزارەتی هەستیاری ناوخۆ و دەرەوەیان کۆنترۆڵ کردووە و بەشەکانی تری کابینەش چ لە ئاستی سیاسی و چە لە ئاستی ئابووری بۆ دامەزراوەکانی نزیك لە بەیتی ڕابەر دەگەڕێنەوە. بەمشێوەیە لە دوای یەکدەستبوونی دامەزراوەکانی تری وەك پەرلەمان، ئەنجومەنی شار و لادێیەکان و ئەنجومەنی پاسەوانی دەستوور،

کابینەی ڕەئیسی بەتەواوی یەکدەست کراوە و میانەڕەو و ڕیفۆرمیستەکان بێبەش کراوون. ئەم تایبەتمەندییە ئەگەرچی بە دیوێکدا گوتاری کابینە و حکومەت لە ئاست پرسەکان یەکدەخات، بەڵام ململانێی نێو ئاراستە جیاوازەکانی کابینە لە پێناو جیاوك و بەرژەوەندییەکان زیاد دەکات.

٤. لە ساڵی 2018-ەوە کە گەمارۆکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران گەڕایەوە و ئابووری ئێرانی تووشی کۆمەڵێك قەیرانی گەورە کردووە، ژمارەی خۆپێشاندانەکان و ئاستی توندوتیژییەکانیان لە زیادبووندایە کە خۆپێشاندانەکانی پاییزی 2019 لوتکەی نارەزایەتی و تووڕەیی خەڵکی ئێران بەرامبەر بە دەسەڵات بوو. دروشمەکانی خۆپێشاندەران ڕادیکاڵبوونێکی بێوێنەی بەخۆوە بینی کە ئەمجارەیان نەك کابینە بەڵکو خودی ڕژێم و ڕابەر و ناوەندەکانی هێزی وەك سوپای پاسدارانی گرتۆتەوە. بێتوانایی حکومەت لە چاکسازی ڕیشەیی و گەڕانەوەی متمانە بۆ خەڵکی ئێران، ئەگەری بەردەوامبوونی خۆپێشاندانەکان و ڕووبەڕیان لە ناوچە جیاوازەکانی ئیران زیاتر دەکات و لە پاڵ ناڕەزایەتی لە دۆخی ئابووری، پرسە نەتەوەیی و مەزهەبیەکانی گەلانی ئێران زەق دەکاتەوە بە تایبەتی کە پشکی بەرچاوی سوپای پاسداران لە کابینەدا، تێڕوانینی ئەمنی بە پرسە ناوخۆییەکان دەبەخشێت و سنووری ئازادییەکان سنووردار دەکات.

٥. ئێران بە دۆخێکی قەیراناوی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی تێدەپەڕێت و بە هۆی ئابووریی وابەستە بە نەوت، یەکلاییکردنەوەی دۆسێی هەڵواسراوی وزەی ناوەکی شاکلیلی چارەسەری کێشەی ئابوورییە، بە تایبەتی کە ئێران بژاردەی دووەمی نییە و سیاسەتەکانی وەك ئابووری خۆڕاگرانە و گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵات نە بەتەواوی واقیعین و نە لە توانای جێبەجێکردنی ئەم کابینەدایە. هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی کە بەشێکی بەرچاوی کابینە و تیمی ئابووری، هەڵگری دروشمەکانی بەیاننامەی 40 ساڵی دووەمی شۆڕشن، بەڵام لە کرداردا و هاوشێوەی ئەزموونی کابینەکانی ڕابردوو، پێناچێت بچنە بواری جێبەجێبوونەوە و تەنیا لە ئاستی دروشمدا دەمێننەوە. ئەمە جیا لەوەی کە بەردەوامبوون لە سیاسەتی دەرەوەی ئایدۆلۆژیانە لە چوارچێوەی بەرەی خۆڕاگری و مانەوەی ئێران بە گۆشەگیری هەرێمی، مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانی زیاتر دەکات و توانای حکومەت لە گرتنەبەری سیاسەتی گونجاو لاواز دەکات.

# سەرچاوەکان

- **کتێب**


- بحرانی، محمد حسین(۱۳۸۹): طبقه متوسط و تحولات سیاسی در ایران معاصر۱۳۲۰-۱۳۸۰، انتشارات آگاه، تهران.
- بهنيافر، احمدرضا (۱۳۷۸): مفهوم ولايت مطلقه فقيه در قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، فصلنامه پژوهشی مطالعات انقلاب اسلامی، سال چهارم، بهار، ش۱۲.
- خمینی، روح الله (1399)، صحیفه امام، جلد 8، قم: مؤسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی (س).
- شیرازی، اصغر(۱۳۹۲): نظام حکومتی جمهوری اسلامی ایران، کتاب چشم انداز، پاریس.
- عەزیزی، سەلام (۲۰۲۰): کوردستان و کۆماری ئیسلامی، چ۲، هەولێر.
- مجموعه قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران (۱۳۹۵)، معاونت حقوقی ریاست جمهوری، تهران: اداره چاپ و انتشار معاونت تدوین، تنقیح و انتشار قوانین و مقررات.
- معاونت توسعه مدیریت و سرمایه انسانی رئیس جمهور (1392)، مجموعه اهداف، وظایف و پست های سازمانی وزارت کشور، تهران: معاونت توسعه مدیریت و سرمایه انسانی رییس جمهور، معاونت نوسازی اداری.
- منتظری (1379)، بخشی از خاطرات، جلد 1، چاپ اول، بی جا، بی نا، ص 624، پیوست 152.
- مهدوی کنی (1385)، خاطرات آیت الله مهدوی کنی، تدوین: غلامرضا خواجه‌سروی، تهران: مرکز اسناد انقلاب اسلامی.
- میکه، هردی مهدی (۲۰۱۹): سیاست ایران در قبال کردها۱۲۹۹-۱۳۲۰، ناوەندی کوردستان، سلێمانی.
- هەردی، دیلان (۲۰۱۹): ڕژێمی سیاسیی ئێران لە نێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا، هەولێر.


- **ڕۆژنامە**


- ارکان زاده یزدی، سعید (1392/4/23)، "دانشگاه امام صادق (ع) تربیت‌کننده مدیران «میاني»"، روزنامه شرق، شماره 1781.
- آرمان ملی (1400/8/1)، "سرداران در قامت استانداران"، شماره 1138.
- اعتماد (1399/10/22)، "خطر در کمین جمهوریت"، شماره 4839.
- اعتماد (1400/7/27)، "جذب مدیر امام صادقی تعطیل"، شماره 5051.
- ایران (1400/5/18)، " سازنده «برکت» به دولت آمد"، شماره 7696.
- جمهوری اسلامی (1400/8/26)، "جهت اطلاع"، شماره 12125.

- شرق (1399/10/25)، " سازمان اطلاعات سپاه مرجع پنجم استعلامی"، شماره 3916.
- شهروند (1400/9/4)، "رضایی با سه مسئولیت جدید"، شماره 2327.
- عبدی، عباس (1398/9/30)، "نگاه مردم به اعتراضات"، شماره 4541.
- نجمی، محمدحسن (1395/10/11)، "همه چیز درباره قرارگاه خاتم"، روزنامه شرق، شماره 2764.

- ماڵپەر
- اعتمادی، ناصر (٢٠٢١): شرایط برای پیروزی رئیسی در انتخابات و تبدیل وی به رهبر آینده، سازمان RFI، https://bit.ly/3FNmwEA .
- اقتصاد آنلاین (١٣٩٨/٣/١٣)، "نگاهی به نرخ تورم در سال‌های پس از انقلاب/ تورم تک رقمی، رویای دست نیافتنی اقتصاد ایران"، https://b2n.ir/k48391.
- اقتصاد نیوز (١۴٠٠/۵/٢٠)، "احمدی‌نژادی‌هایِ کابینه رئیسی"، https://bit.ly/3G2zgqT.
- اقتصادنیوز (١۴٠٠/٣/١۶)، "تاکتیک رئیسی برای حمله به رقبا در اولین مناظره"، https://bit.ly/3D4Fk0j.
- امیرشاهی، فرنوش (٢٠٢٠/٢/١۴)، " اعتراضات آبان ٩٨ چرا آغاز شد و چگونه 'جمع' شد؟"، https://www.bbc.com/persian/iran-features-54880103.
- انتخاب (١۴٠٠/٧/٢۶)، "وزیر اقتصاد به رییس سازمان مالیاتی و بورس: از انتصاب فارغ التحصیلان دانشگاه امام صادق در معاونت ها خودداری کنید"، entekhab.ir/fa/news/643041.
- انصاف نیوز (١۴٠٠/٨/١٠)، "حجاریان: ترکیب استانداران را ببینید! می‌ترسند"، http://www.ensafnews.com/315783/.
- اوغلو، دالغا خاتین (١۴٠٠/٩/٨)، "بانک مرکزی ایران: درآمدهای نفتی در بهار ١۴٠٠ بیش از دو برابر شده است"، https://www.radiofarda.com/a/iran-cbi-revenue-oil-twice-1400-spring/31528847.
- ایرنا (١۴٠٠/٨/٢٢)، "وزیر کشور:انتخاب استانداران نظامی به درخواست مردم و نخبگان صورت گرفت"، https://www.irna.ir/news/84539818/.
- ایرنا (١۴٠٠/٣/٢٩)، "نتایج نهایی شمارش آرای سیزدهمین دوره انتخابات ریاست جمهوری"، https://www.irna.ir/photo/84375074/.
- ایسنا (٢٠٢١/۵/٢٠)، "سوابق و تحصیلات وزیر پیشنهادی کشور"، https://www.isna.ir/news/1400052014706/.
- ایسنا (١۴٠٠/٨/۴)، "تلاش شد تا استانداران با سابقه نظامی کمتر از انگشتان یک دست باشند"،

.https://www.isna.ir/news/1400080402731/

- ایکدر، سولماز (۱۴۰۰/۷/۲۸)، "فتحِ دولت به دست سپاه"، .https://www.zeitoons.com/92145
- ایمنا (۱۴۰۰/۵/۲۰)، "مسعود میرکاظمی؛ رئیس سازمان برنامه و بودجه کیست؟ + بیوگرافی"، .https://www.imna.ir/news/513886/
- باشگاه خبرنگاران جوان (۱۳۹۶/۲/۲۹)، "نتایج انتخابات ریاست جمهوری ۹۶"، قابل مشاهده در: ./https://www.yjc.news/fa/news/6092138
- باشگاه خبرنگاران جوان (۱۴۰۰/۸/۳۰)، "غلامعلی حیدری استاندار چهارمحال و بختیاری شد"، .https://www.yjc.news/fa/news/7965228/
- بروجردی، مهرزاد (۲۰۲۱/۹/۲۳)، "مردان تحریمی کابینه ابراهیم رئیسی"، قابل مشاهده در: .https://twitter.com/M_Boroujerdi/status/1441135687122636800
- بی بی سی فارسی (۲۰۲۱/۵/۱۱)، "بر اساس منابع ثانویه اوپک؛ تولید نفت ایران در ماه آوریل هم 'افزایش یافت'"،
- بی بی سی فارسی (۲۰۲۰/۱۲/۸)، "عفو بین‌الملل نامه سازمان ملل درباره اعدام‌های ۶۷ را یک 'دستاورد بزرگ' خواند"، .https://www.bbc.com/persian/iran-55241198
- بی بی سی فارسی (۲۰۲۱/۱۱/۱۹)، " تجمع انبوه مردم اصفهان در اعتراض به خشکی زاینده‌رود"، .https://www.bbc.com/persian/iran-59343443
- بی بی سی فارسی (۲۰۲۱/۱۲/۴)، "پایان بی نتیجه دور هفتم مذاکرات وین؛ قیمت دلار آمریکا به بالای ۳۰ هزار تومان رسید"، .https://www.bbc.com/persian/iran-59531387
- تابناك (۱۴۰۰)، "در مورد سعید محمد در ویکی تابناک بیشتر بخوانید"، قابل مشاهده در: .https://bit.ly/31ffhWR
- تسنیم نیوز (۱۴۰۰/۵/۱۷)، "محمد مخبر معاول اول رئیس‌جمهور شد"، قابل مشاهده در: .https://www.tasnimnews.com/fa/news/1400/05/17/2551071/
- جهت پرس (۱۴۰۰/۵/۱۴)، " نطق هوشمندانه رئیسی در مراسم تحلیف + متن کامل سخنرانی"، .https://jahatpress.ir/fa/news/38764
- حقیقت نژاد، رضا (۱۳۹۸/۶/۱۹)، " ۱۵مرد کلیدی دولت پنهان خامنه‌ای"، https://www.radiofarda.com/a/most-influential-figures-in-khamenei-.office/29989853.html
- خامنه‌ای (۱۳۹۴/۷/۲۹)، "نامه رهبر انقلاب به رئیس‌جمهور درباره الزامات اجرای برجام"، .https://farsi.khamenei.ir/message-content?id=31168

- خامنه‌ای (۱۳۹۶/۵/۶)، "دغدغه اصلی رهبر انقلاب اسلامی در خصوص کابینه"، .https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=37223
- خامنه‌ای، سیدعلی (۱۳۹۷/۱۱/۲۲)، "بیانیه گام دوم انقلاب خطاب به ملت ایران: سایت رسمی خامنه‌ای"، .https://farsi.khamenei.ir/message-content?id=41673
- خاندوزی (۱۴۰۰)، "برنامه‌های اولویت‌دار در وزارت امور اقتصادی و دارایی"، https://www.khandoozi.ir/
- خبرآنلاین (۱۳۹۰/۹/۲)، " چند مقام ایرانی در تحریم آمریکا و اروپا هستند؟+ جدول اسامی و علل تحریم"، قابل مشاهده در: .https://www.khabaronline.ir/news/185963
- خبرگزاری دانشجویان ایران (ایسنا) (۱۴۰۰/۸/۲۵)، "افزایش فروش نفت ایران و چند نکته"، .https://www.isna.ir/news/1400082519234
- خبرگزاری مهر (۱۴۰۰/۸/۳۰)، " «غلامعلی حیدری سودجانی» استاندار چهارمحال و بختیاری شد"، .https://www.mehrnews.com/news/5357420/
- خلجی، مهدی (۲۰۰۹/۶/۵)، " نگاهی دیگر: بیت رهبری، کانون پیچیدگی‌های سیاست ایران"، .https://www.bbc.com/persian/iran/2009/06/090605_ra_mkh_khamenei
- دنیای اقتصاد (۱۴۰۰/۵/۲۱)، "رونمایی از تیم اقتصادی رئیسی"، .https://bit.ly/3D6kxta
- دنیای اقتصاد (۱۴۰۰/۵/۲۲)، "سهم قوه قضاییه و آستان قدس در تیم رئیسی"، .https://bit.ly/3G05Olv
- دیپلماسی ایرانی(١٤٠٠): رئیسی از پس تحریم ها بر می آید؟ گفتوگو با استاد علی بیگدلی تحلیلگر مسائل بین الملل، .https://bit.ly/3CVzxKj
- رادیو فردا (۱۴۰۰/۵/۲۲)، "رشد دو برابری قیمت و حجم صادرات نفت ایران"، .https://www.radiofarda.com/a/31409510.html
- رادیو فردا (۱۳۸۴/۵/۲۷)، "فهرست سوابق نظامی - امنیتی وزرای پیشنهادی کابینه احمدی نژاد براساس گزارش رسانه های جمهوری اسلامی"، .https://www.radiofarda.com/a/307391.html
- رادیو فردا (۱۳۹۸/۸/۲۷)، " شعارهای آبان ۹۸؛ معترضان اصل حکومت را نشانه رفتند"، https://www.radiofarda.com/a/protesters-demands-on-recent-.protests/30276636.html
- رادیو فردا(۲۰۲۱)معرفی نامزدهای ریاست‌جمهوری؛ لاریجانی، جهانگیری و احمدی‌نژاد ردصلاحیت شدند، رادیو فردا، https://www.radiofarda.com/a/the-interior-ministry-has-announced-the-names-of-the-approved-candidates-for-the-presidential-election/31272529.html

- رئیسی (۲۰۲۱)، "شرح زندگی"، https://raisi.ir/page/biography.
- شبکه خبر (۱۴۰۰/۳/۲۲)، "رئیسی: کسانی که آلوده به رانت و فساد باشند، جایشان در دولت نیست"، قابل مشاهده در: https://www.irinn.ir/fa/news/819062/.
- صدا و سیما(۲۰۲۱): سوابق و زندگی حجت الاسلام والمسلمین رئیسی، خبرگزاری صداوسیما، https://bit.ly/3FPQZBV.
- العالم(۲۰۲۱): سخنرانی سید ابراهیم رئیسی در مراسم تحلیف، سایت العالم، https://bit.ly/3I1PWRw.
- عباس تولّی، جواد (۲۰۲۱): کارنامه ابراهیم رئیسی و عاملیت او در ادامه روند نقض حقوق بشر، رادیو زمانه، https://www.radiozamaneh.com/673407/.
- الف (۱۴۰۰/۳/۲۲)، "مشروح سومین مناظره انتخاباتی نامزدهای انتخابات ریاست جمهوری؛ از نامه ای که زاکانی رو کرد تا لیست بدهکاران بانکی و وعده ها"، https://www.alef.ir/news/4000322083.html.
- الف (۱۴۰۰/۷/۲۳)، "چه کسانی از دانشگاه امام صادق(ع) راهی دولت شدند؟"، https://www.alef.ir/news/4000723042.html.
- فارس (۱۴۰۰/۳/۲۹)، "آمار نهایی انتخابات اعلام شد/ رئیسی با ۱۷ میلیون و ۹۲۶ هزار رأی رئیس جمهور شد"، https://www.farsnews.ir/news/14000329000816/.
- فارس (۱۴۰۰/۶/۳۱)، " «احمد محمدی زاده» استاندار بوشهر شد"، https://www.farsnews.ir/bushehr/news/14000631000484/.
- فرارو (۲۲۱/۵/۲۰)، "حسین امیرعبداللهیان؛ وزیر پیشنهادی وزارت امور خارجه کیست؟"، قابل مشاهده در: https://fararu.com/fa/news/500493/.
- فریدمان، تۆماس (۲۰۲۰): قاسم سليماني.. ملك الحسابات الخاطئة!، القبس، https://bit.ly/3razF6F
- قاضی، فرشته (۱۴۰۰/۵/۱۴)، "کابینه نظامی و مردانهٔ ابراهیم رئیسی؛ دولت سوم احمدی‌نژاد"، https://www.radiofarda.com/a/feature-on-raisi-proposed-cabinet/31411623.html.
- قاضی، فرشته (۲۰۱۶/۸/۱۰)، " فایل صوتی جلسه آیت الله منتظری با هیات مرگ؛ در گفتگو با احمد منتظری"، https://per.euronews.com/2016/08/10/interview-with-ahmad-montazeri.
- قدس آنلاین (۱۴۰۰/۴/۱۳)، "انتصابات و احکام جدید در آستان قدس رضوی"، قابل مشاهده در: http://www.qudsonline.ir/news/710425/.
- قدس آنلاین (۱۴۰۰/۵/۲۰)، "سوابق و تحصیلات اسماعیل خطیب وزیر پیشنهادی اطلاعات"،

.http://www.qudsonline.ir/news/764373/

- کردپرس (۱۴۰۰/۸/۳۰)، " «حسن بهرام نیا» استاندار ایلام شد"، .https://kurdpress.com/fa/news/21725/
- ماهرویان، پوریا (۱۴۰۰/۳/۱۹)، "زندگی‌نامه ابراهیم رئیسی؛ تلاشی دیگر برای ریاست قوه مجریه"، .https://www.bbc.com/persian/iran-features-57407203
- مجلس خبرگان رهبری (۲۰۲۱): صفحه سید ابراهیم رئیس، سایت مجلس خبرگان رهبری، .http://www.majlesekhobregan.ir/fa/MajlesMember/View/3166
- مجلس خبرگان رهبری (۲۰۲۱)، "صفحه سید ابراهیم رئیسی"، .http://www.majlesekhobregan.ir/fa/MajlesMember/View/3166
- مرکز آمار ایران (۱۴۰۰)، "شاخص های کلیدی"، .https://bit.ly/32EQxIp
- مرکز پژوهش های مجلس شورای اسلامی (۱۴۰۰)، "قانون تشکیلات، وظایف و انتخاب شوراهای اسلامی کشور و انتخاب شهرداران"، .https://rc.majlis.ir/fa/law/show/92681
- مسعود آذر(٢٠٢١): انتخابات ١٣٦٠ و ١٤٠٠تاریخ تکرار می شود؟، بی بی سی فارسی، .https://www.bbc.com/persian/iran-57260537
- المشارق (۲۰۲۱/۸/۱۹)، " نامزدهای کابینه رئیسی نشانه‌ای از افزایش نفوذ سیاسی سپاه پاسداران"، قابل مشاهده در: .https://almashareq.com/fa/articles/cnmi_am/features/2021/08/19/feature-02
- مشرق (۱۴۰۰/۱/۲)، " دومین رکورد بالاترین تورم پس از انقلاب به نام روحانی ثبت شد +نمودار"، /.https://www.mashreghnews.ir/news/1195217
- مشرق نیوز (۱۴۰۰/۳/۱۵)، "مدرک دکترای سیدابراهیم رئیسی+ عکس"، ./https://www.mashreghnews.ir/news/1227134
- خبرگزاری میزان (۱۳۹۸/۱/۷)، " تغییرات قیمت دلار در سال ۹۷ +نمودار"، .https://www.mizan.news/fa/news/505751/
- نادرپور، احسان (۱۳۹۹/۱۰/۲۵)، " فتح سنگر به سنگر ایران توسط سپاه پاسداران"، .https://www.zeitoons.com/83943
- هاين، ماتياس فون(٢٠١٨): المختصر المفيد حول العقوبات الأمريكية على إيران، موقع DWالعربي، .https://bit.ly/3147Kdw
- همشهری آنلاین (۱۴۰۰/۵/۳۰)، " زندگینامه: سید محمد حسینی (۱۳۴۰- ...)"، .https://www.hamshahrionline.ir/news/89475/
- یکتا، بهار (۲۰۱۰/۱۰/۱۰)، " فراز و فرودهای رابطه احمدی نژاد و سپاه،

.https://www.bbc.com/persian/iran/2012/10/121010_l39_sepah_ahmadinejad_yekta

- Hashemi, Mohammad (7\10\2021), “Tehran’s Harvard Incubated Iran’s New Government”, https://foreignpolicy.com/2021/10/07/raisi-tehrans-harvard-imam-sadiq-incubated-irans-government/.
- Interpol (4/9/2009), “INTERPOL statement clarifying its role in case involving Iranian minister wanted by Argentina”, https://www.interpol.int/en/News-and-Events/News/2009/INTERPOL-statement-clarifying-its-role-in-case-involving-Iranian-minister-wanted-by-Argentina.
- FATA (2021), “about”, https://www.fatf-gafi.org/about/.
- Aizhu, Chen and Lawler, Alex (10/10/2021), “China's Iran oil purchases rebound on lower prices, fresh quotas”, https://www.reuters.com/business/chinas-iran-oil-purchases-rebound-lower-prices-fresh-quotas-2021-11-10/.